بسم الله الرحمن الرحيم


*ناوی کتێب : لەبەر ڕۆشنایی هێڵە سەرەکییەکانی ستراتیژیەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

*نووسەر : صلاح الدین بابکر محمد

*بەرواری دەرچوون: ٢٠٠٢ز — ١٤٢٣ ك

*تیراژ : ١٠٠٠

*ژمارەی سپاردن:

* فەرزو نەخشەسازی : ژیار بۆ کۆمپیوتەر

* چاپخانەی ژین — هەولێر




## پێشـــــەکی:

ئاشکرایە کە هەر حزب و لایەنێکی سیاسی، ستراتیژیەت و بەرنامەی کاری تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە چوارچێوەیدا هەنگاو دەنێت و کارو چالاکی و پرۆژەکانی ڕێك دەخات و جێبەجێیان دەکات، چونکە بوونی ستراتیژیەت لەگەڵ ئەوەی کە زەرورەتێکی حزبییە، هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ بەرەو پێش چوونی هەر حزب و لایەنێکی سیاسی و سەرکەوتنی کارو پرۆژەکانی، لە لایەکی ترەوە، بەرنامەی کارو ستراتیژیەت ڕێگا لە بەردەم هەنگاوەکانی حزب ڕۆشن دەکات و لە پشێوی و ڕەشۆکیەت و ئاڵۆزی و تەمو مژی تێڕوانین دەیپارێزێت.

ستراتیژیەتی سەرکەوتووش ئەوەیە کە لە ناو واقیعی ئەو گەل و خاك و نیشتمانە هەڵقوولا بێت کە ئەو حزب و لایەنە سیاسییە کاری تێدا دەکات، هەروەها تەعبیر بکات لە بیرو بۆچوون و تێڕوانینی ئەو حزبە دەربارەی گیروگرفت و کێشەو داواکاریەکانی گەل و وڵات و ڕێگە چارەیان.

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، (حیزبێکی ئیسلامیی سیاسی ئیصلاحییە،لە پێناو چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریەکانی گەلی کوردستان –لە ڕوانگەی ئیسلامەوە- تێدەکۆشێت،بە شێوەیەك مافەکان و ئازادییە گشتییەکان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بهێنرێتەدی).

ماوەی (٨)ساڵە، لەو کاتەوەی لە (١٩٩٤/٢/٦)خۆی ئیعلان

کردووە، هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێت، یەکگرتوو وەکو حیزبێکی کاراو کاریگەری سەر گۆڕەپانی کوردستان، بەشێوەیەکی سیاسیو مەدەنیانە لەسەرتاسەری کوردستاندا کارو چالاکییەکانی ئەنجام دەدات و خزمەت و خزمەتگوزاریەکانی پێشکەش بە جەماوەری کوردستان دەکات، هەروەها بەشێوەیەکی زۆر ئیجابیانە بەشداری ژیانی سیاسی کوردستانی کردووەو، بۆتە ژمارەیەکی خوێنراوەو کاریگەر لە هاوکێشە سیاسیەکانی کوردستان ، لەوێشەوە، کاریگەری گواستراوەتەوە بۆ سەر بارودۆخی عێراق و ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی.

یەکگرتوو، تا ئێستا(سێ)کۆنگرەی ئاسایی خۆی بەشێوەیەکی رێك وپێك و سەرکەوتووانە گرێداوەو لە هەریەکەیاندا کۆمەڵێك خاڵی وەکو هێڵەسەرەکییەکانی ستراتیژیەتی دیاری کردووەو لەبەر رۆشناییاندا - سوپاس بۆ خوای گەورە- هەنگاوی سەرکەوتوانەی ناوە.

لە کۆنگرەی سێیەمدا کە لە رۆژانی (٣-٧/٩/١٩٩٩)لە هەولێر گرێدرا، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە خوێندنەوەی واقیع و بارودۆخی ئێستای کوردستان، (١٥) خاڵی وەکو هێڵە سەرەکییەکانی ستراتیژیەتی بۆ (چوار) ساڵی داهاتوو دیاری کردو، لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە پەسەند کرا، بەمەش یەکگرتوو چوارچێوەی گشتی بۆ شێوازو چۆنیەتی کارکردن و هەنگاو و هەڵوێستەکانی و تێروانینی بۆ کێشەو گیروگرفتەکان و رێگەچارەیان دیاری کردو، خستیە بەرچاوی جەماوەر.



بۆ زیاتر رۆشن بوونەوەی هێڵە سەرەکییەکانی ئەو ستراتیژیەتەو زیاتر ئاشنابوونی ئەندام و لایەنگرو دۆستانی یەکگرتوو و، سەرجەم گەلی کوردستان بە ستراتیژیەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان -پشت بە خوا- هەڵدەستین بە راڤەکردنی یەکە یەکەی خاڵەکانی.

خوێنەری بەرێز:

دوای ئەوەی ئەم باسە بە حەڵقەی یەك لە دوای یەك لە رۆژنامەی (یەکگرتوو)دا بلاو بۆوە ، بەباشمانزانی بەمەبەستی سوودی زیاتر، سەرجەم حەڵقەکانی - پاش پێداچوونەوەیان - لە دوو توێی نامیلکەیەکدا بیخەینە بەر دەستی بەرێزتان.

لە کۆتاییدا، داواکارین لە خوای گەورە کە کارو کردەوەکانمان لێ قبوڵ بفەرموێت و، یارمەتیمان بدات بۆ هەرچی زیاتر خزمەتکردنی گەل و وڵاتمان لە روانگەی پەیامی پیرۆزی ئیسلامەوە.

صلاح الدین بابکر
ئەندامی سەرکردایەتی
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
٢٠٠٢ز -٢٣ ٤ ١ك
کوردستانی عێراق / هەولێر

- ١ -

## میانەڕەوی لە فیکرو مومارەسەدا

خاڵی یەکەمی هێڵە سەرەکییەکانی ستراتیژیەتی یەکگرتوو بریتییە لە(درێژەدان بە رەوتی میانەڕەوی لە فیکرو مومارەسەدا) ئەم خاڵە گرنگی تایبەتی هەیە لە لای یەکگرتوو، هەر بۆیە کۆنگرە لە دوای کۆنگرە زیاتر جەختی لەسەر دەکاتەوەو لە کارو چالاکی و هەڵوێستەکانیدا زۆرتر رەنگ دەداتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە میانەڕەوی بەشێکە لە سروشتی ئیسلام و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش بە دیدێکی ئیسلامیانەوە بۆ ژیان و بوونەوەر دەڕوانێت.

ئیسلام ئاینێکی میانەڕەوە، میانەڕەوە لە بیروباوەڕدا، میانەڕەوە لە خواناسی و خواپەرستیدا، میانەڕەوە لە رەوشت و ئاکارو سلوك و مامەڵەدا، میانەڕەوە لە نێوان لایەنی ماددی مرۆڤ و لایەنی روحیدا، میانەڕەوە لە نێوان مافی تاکە کەس و مافی کۆمەڵگاو بەرپرسیاریەتی هەر لایەکیانی دیاری کردووە، بە کورتی ئیسلام میانەڕەوە لە تێڕوانین و بینش و دیدگای بۆ ژیان، بە جۆرێك کە بە هاوسەنگی بۆ هەموو شتەکان دەڕوانێت و دوورە لە زیادەڕۆیی یان کەمڕۆیی، هەر بۆیە خوای گەورە ئوممەتی ئیسلامیی بە ئوممەتێکی میانەڕەو وەسف کردووە ﴿ وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ ﴾ (البقرة/١٤٣).



کەواتە ئیسلام زیادەڕۆیی و کەمڕۆیی یان بە واتایەکی تر ئەمپەڕ یان ئەو پەڕگرتنی تێدا نییەو دوورە لە هەموو جۆرە لاسەنگییەك، بەڵکو لە هەموو شتەکاندا حاڵەتی ناوەڕاست و مامناوەندی وەردەگرێت، بەمەش وەڵام گۆی فیترەتی ئاسایی مرۆڤەو هەر ئەو حاڵەتەشی لای پەسەندە؛ ژیاننامەی پێغەمبەر ﷺ کە تەرجوومەی کرداری قورئانە (کان خلقه القران) بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە لەسەر ئەو راستییە، تەنانەت لە خواپەرستی و عیبادەتیشدا پێغەمبەر ﷺ هەر نەهی کردووە لە توندگیری و توندڕەوی، چونکە لەگەڵ گیانی ئیسلامدا نایەتەوەو دەرچوونە لە حاڵەتی ئاسایی مرۆڤ، کە میانەڕەوییە، جا ئەگەر ئیسلام لە خواپەرستی و عیبادەتدا توندڕەوی و پەڕگیری لاپەسەند نەبێ ئەی چۆن لە شتی تردا پێی پەسەندە؟!

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بەو دیدو بۆچوونەوە بۆ ئەم بابەتە دەڕوانێت، هەر لەبەرئەوەشە بە گرنگترین خاڵی ستراتیژیەتی خۆی دادەنێت و بە ئاشکرا رای دەگەیەنێت کە میانەڕەوی لە فیکرو مومارەسەدا پەیڕەو دەکات و، دەیکاتە ژێرخان و چوارچێوەی هەموو کارو چالاکی و پرۆژەکانی و لەو روانگەیەوە هەڵوێستەکانی دەنوێنێت، هەر کەس و لایەنێکیش تائێستا ئاگاداری کارو چالاکی و هەڵوێستەکانی یەکگرتوو بوو بێت، بە روونی ئەو راستییەی بۆ دەردەکەوێت کە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان چەندە بە کردەوە ئەم ستراتیژیەتەی لەسەر ئەرزی واقیع بەرجەستە کردووەو جەماوەری کوردستانیش شاهیدی ئەو راستییەن، پشت بە خوا هەر بەردەوامیش دەبێ لەسەری.

- ٢ -

## پابەندبوون بە ڕێنماییەکان و بەها باڵاکانی ئیسلام

بەها باڵاکان و ڕەوشتە جوانەکان پانتاییەکی فراوانیان گرتووە لە ئیسلامدا، بە شێوەیەك دەیان ئایەتی قورئانی پیرۆزو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ئەم بابەتە دەدوێن، بەڵکو ئیسلام لەو بوارەدا لە هەموو لایەنەکانی تر زیاتر چۆتە ناو وردەکاریەکان و بە درێژی و تێرو تەسەلی باسیان لێوە دەکات، چونکە ئەم لایەنە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر لایەنەکانی تری ئادەمیزاد، جا بە شێوەیەکی ئیجابی بێ یان سلبی، هەر لەو ڕوانگەوە ئیسلام گرنگی تایبەت دەدات بە لایەنی سلوکی و ئەخلاقی مرۆڤەکان و هەوڵ دەدات تاکەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەك پەروەردە بکات کە ڕەوشت و ئاکارو مامەڵەیان جوان و پەسەندو ئیجابی بێت.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەر هەیە لە نێوان ڕەوشت و ئیماندا، ئیمان ئەو زەمینە گونجاو و لەبارە ساز دەکات کە ڕەوشت و بەها باڵاکانی لەسەر بینا دەکرێت، ئەوەتا خوای گەورە پێغەمبەرەکەی -کە خاوەن تەواو ترین ئیمان بووە- بە خاوەنی بەرزترین ڕەوشت وەصف دەکات (**وانك لعلى خلق عظيم**) (القلم/٤) دیارە ڕەوشتی بەرزو جوان بەرهەمی ئیمان و بڕوای تەواوە.

هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین کە پێغەمبەری ئازیز ﷺ مەبەست لە ناردنی خۆی و پەیامەکەی لە یەك خاڵدا کورت دەکاتەوە؛



ئەویش تەواوکردنی ڕەوشتە بەرزو جوانەکانە (**انما بعثت لأتمم مكارم الاخلاق**) هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا لە وەڵامی پرسیاری (ئاین چییە؟) فەرمویەتی (ڕەوشت جوانییە) وە چاکترین بڕواداریشی بەوە پێناسە کردووە کە خاوەنی جوانترین خو و ڕەوشتە.

بەم شێوەیە دەبینین کە ئیسلام چەندە گرنگی داوە بە پەروەردەکردنی لایەنی سلوکی و ئەخلاقی مرۆڤەکان و شێوازو میکانیزمی گونجاویشی بۆ داناوەو پەیوەستیشی کردۆتەوە بە ئەرك و پاداشتی دنیاو پاشەڕۆژ، وەك پاڵنەرو هاندەرێك، لێرەوە پرۆسەی بانگهێشت کردنی خەڵك بۆ شارەزابوون و ئاشنا بوون بە بەرنامەی ئیسلام و پەروەردەو گۆش کردنیان لەسەر ڕەوشتی جوان و بەها باڵاکان، دەبێتە ئەرکێکی شەرعی و ئینسانی و نیشتمانی بۆ تاك تاکی مرۆڤی موسڵمان و بڕوادار، لەوێشەوە هەمان ئەرك ڕوو دەکاتە گروپ و کۆمەڵەو حزبە ئیسلامیەکان.

هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین لە سەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ هەتا ئێستا، بانگهێشتکردنی خەڵك بۆ پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ئیسلام و بەها باڵاکانی، لە هەموو قۆناغەکاندا، بە شێوەیەك لە شێوەکان، هەر هەبووەو هەیەو بەردەوامیش دەبێت، جا لە سەر ئاستی تاکە کەسیدا بێت یان لەسەر ئاستی گروپ و کۆمەڵەکان.

لە لایەکی ترەوە، مرۆڤی موسڵمان و بڕوادار هەر وەکو چۆن پێویستە لەسەر خۆی کە پابەند بێت بە ڕێنماییەکانی ئیسلامەوە، بە هەمان شێوەش پێویستە لە سەری کە بانگەشە بۆ ئەو ڕێنماییانە بکات، دیارە شێوازی بانگەوازکردنەکەش بە زمانی شیرین و ئاکارو مامەڵەی جوان دەبێت.

یەکگرتووە ئیسلامیی کوردستان، وەك حزبێکی ئیسلاحی، بە دیدگایەکی ئیسلامییانەوە بۆ ژیان و بوونەوەر دەڕوانێت، بڕوای بە چاکسازی و گۆڕانکاری ئیجابیانە هەیە لە ناو کۆمەڵگادا، وە خۆی بە بەشێك لە گەل و جەماوەر دەزانیّ و هەڵقوولاوی ئەو خاك و نیشتمانەیە، هەموو تواناو لێهاتنەکانی بۆ خزمەتکردنی ئەو گەل و وڵاتە تەرخان کردووە.

یەکێك لەو کارە گرنگانەی کە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە ئەرکی شەرعی و نیشتمانی خۆی دەزانێت، بریتییە لە بانگهێشتکردنی سەرجەم رۆڵەکانی گەلە موسڵمانەکەمان بۆ پابەندبوون بە رێنماییەکانی ئیسلام و پەروەردەو گۆش کردنیان لەسەر رەوشتە جوان و بەها بالاکانی، ئەمەشی وەکو خاڵێکی ستراتیژی بۆ جەماوەری کوردستان راگەیاندووە (**بانگهێشت کردنی رۆڵکانی گەلەکەمان بۆ پابەندبوون بە رێنماییەکان و بەها بالاکانی ئیسلامەوە**).

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان پێی وایە کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ و گرنگ هەیە لە نێوان لایەنی سلوکی و ئەخلاقی کۆمەڵگا لەگەڵ لایەنە سیاسییەکەی، وە هەردوولا کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە، بەڵکو لایەنەکانی تری ژیانیش وەك (**لایەنی ئابوری، کۆمەڵایەتی، فیکری، هونەری، ئەدەبی...هتد**) بە شێوەیەك لە شێوەکان، دەکەونە ژێرکاریگەری لایەنی ئەخلاقی و سلوکی کۆمەڵگا. هەر بۆیە گرنگی دان بەو لایەنە، بە مانای گرنگی دانە بە هەموو لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگاو هەنگاونانە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئاسوودەو سەرکەوتوو.



- ٣ -

# بەردەوام بوون لەسەر کاری سیاسی مەدەنی

لە دنیای ئەمڕۆدا، سیاسەت بۆتە زانسێك و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی جۆراوجۆری دەربارە دەکرێت و بڕوانامەو پسپۆریەتی لەسەر وەردەگیرێت، بەڵکو زانستی سیاسەت بە یەکێك لە زانستە گرنگەکانی سەردەم دادەنرێت و لە زانکۆ و پەیمانگا بالاکاندا دەخوێنرێت.. هەر بۆیە دەبینین چەندین پێناسە بۆ سیاسەت و زانستی سیاسەت کراوە، ئەمە بێجگە لەو پێناسە رەخنە ئامێزو گاڵتە ئامێزانەی کە بۆی کراوە!

سیاسەت، بریتییە لە هونەری سەرکردەیی و حوکم و دەسەڵات بەڕێوەبردن، هەروەها بە هونەری مومکینات دادەنرێت، بەڵکو راست ئەوەیە بڵێین سیاسەت ، هونەری گۆڕینی هاوسەنگی هێزەکانە لەبەرژەوەندی خاوەن سیاسەتەکە، چونکە مامەڵەکردن تەنها لە چوارچێوەی(مومکینات)دا، لاوازیەکی پێوە دیارە.

لە کۆی ئەو پێناسانەی کە بۆ سیاسەت کراون دەتوانین بڵێین؛ سیاسەت بریتییە لە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی بۆ رێکخستنی ژیانی خەڵك بە شێوەیەك کە ئاسایش و تەبایی و هاوسەنگی لە نێوان تاکەکان و گروپە رکابەرەکانی ناو کۆمەڵگا دەستەبەر بکات، لەگەڵ دیاریکردنی چوارچێوەو چۆنیەتی بەشداری کردنی هەر کەس و لایەنێك لە دەسەڵات بەڕێوەبردندا بە گوێرەی قەبارەو کاریگەریان لەسەر رێکخستن و پاراستن و بەرەو پێشبردنی باری کۆمەڵایەتی و رێڕەوی کۆمەڵگا؛ هەروەها بە هۆی سیاسەتەوە ئاسایشی دەرەکی و ئاشتی ناوخۆ دابین

دەکرێت، ئەویش بە هۆی ڕێکخستن و دیسپلینکردنی ململانێکان و فرەلایەنی بیروبۆچوونەکان و بە ناویەکداچوونی بەرژەوەندییەکان، هەموو ئەمانەش لە ڕێگای هێزی شەرعیەت و سیادەوە دەکرێن، بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی. هەر بەو شێوەیە کاری سیاسی بە یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکان و میکانیزمەکان دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی گۆڕانکاری لە ناو کۆمەڵگادا.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، هەر لە ڕۆژی خۆ ئیعلانکردنیەوە ئەوەی بە جەماوەری کوردستان ڕاگەیاندووە کە حزبێکی ئیسلاحیی ئیسلامیی سیاسییەو پەیڕەوی کاری سیاسی مەدەنی دەکات، چونکە پێی وایە کە ئیسلام بەرنامەی ژیانەو هەموو لایەنەکانی ژیانی ئادەمیزاد ڕێك دەخات و لە گشت بوارەکاندا بەرنامەو پرۆژەی خۆی هەیە.

لەو ڕوانگەوە، کاری سیاسی، وەکو شێوازو ئالیەتێکی کارکردن، بە بەشێکی گرنگ وجیانەبووەوە دادەنرێت لە کاری ئیسلامییدا.

هەر لەبەر ئەوەشە دوای ئەو بێداریەی سەراپای جیهانی گرتۆتەوە، بە تایبەتی جیهانی ئیسلامیی، دەبینین بە دەیان حزب و لایەنی ئیسلامیی سیاسی پەیدا بوون و مومارەسەی کاری سیاسی و بەشداری ژیانی سیاسی دەکەن، بە شێوەیەك ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگی کاری سیاسیان زیاتر لارۆشن دەبێتەوە؛ لەبەرئەوە ئێستا بزوتنەوە ئیسلامیەکان بە ژمارەیەکی کاریگەر دادەنرێن لە هاوکێشە سیاسییەکانی دنیادا، بە جۆرێك کە ناکرێت حسابیان بۆ نەکرێت و نەخوێنرێنەوە؛ بەڵکو بوونەتە بەشێکی بەرجەستەبووی ژیانی سیاسی و پێویستە مامەڵەی



واقیعبینانەو ئیجابیانەیان لەگەڵدا بکرێت.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، وەکو حزبێکی سیاسی بە ئیرادەی خۆی و بە قەناعەتی تەواوەوە شێوازی کاری سیاسی مەدەنیانەی بۆ چۆنیەتی کارکردنی هەڵبژاردووەو بە خاڵێکی گرنگی ستراتیژیەتی خۆی دادەنێت، هەر وەکو لە کۆنگرەی سێیەمیشدا جەختی لەسەر کردۆتەوە(**بەردەوام بوون لەسەر کاری سیاسی مەدەنی و خۆ دوورگرتن لە توندوتیژی لە کاری سیاسیدا**). لە لایەکی ترەوە، لە پاڵ ئەمەدا کە یەکگرتوو پەیڕەوی کاری سیاسی مەدەنی دەکات، ئەمەش دووپات دەکاتەوە کە خۆی بە دوور دەگرێت لە هەر جۆرە شێوازێکی توندوتیژی لە کاری سیاسیدا، چونکە پێی وایە ماناو مەدلولی حزبی سیاسی و کاری سیاسی کاتێك تەواو دەبێت کە ئەو حزبە سیاسییە دوور بێت لە هەموو جۆرە شێوازێکی توندوتیژی لە مامەڵەو کارو کاردانەوەو هەڵوێستەکانیدا.

زاراوەی توندوتیژی (العنف) ئێستا لە دنیادا وەکو زاراوەیەکی ڕۆژنامەگەری بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکار دەهێنرێت و، وەکو دیاردەیەك تێکەڵ بە کاری سیاسی بووە، لەبەرئەوە حزب و لایەنە سیاسییەکان هەڵوێستی خۆیان دەربارەی ئەو دیاردەیە دەردەبڕن.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، وەك حزبێکی سیاسی، هەر لە سەرەتای خۆ ئیعلانکردنیەوە ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆی لەمەڕ دیاردەی توندوتیژی ڕاگەیاندووە، کە بریتییە لە ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە شێوازێکی توندوتیژی لە کاری سیاسیدا، خەبات و تێکۆشانی ساڵانی ڕابردووشی بەڵگەیە لەسەر ئەو ڕاستییەو جەماوەری کوردستانیش شاهیدن.

- ٤ -

# پشت بەستن بە حیوار بۆ لە یەك گەیشتن و یەكلاكردنەوەی كێشەكان

حیوار مەبدەئێكی قورئانییە، شێوازی گشت پێغەمبەرانە بۆ گەیاندنی پەیامی خوا بە مرۆڤەكان، پێویستیەكی گرنگی ژیانە لە هەموو بوارو بارەكاندا. قورئان مرۆڤ فێر دەكات كە چۆن بە هۆی حیوارەوە بگاتە راستییەكانی ژیان و بوونەوەر، ئایەتەكانی جوانترین تابلۆمان بۆ دەنەخشێنێ دەربارەی حیوار، بە شێوەیەك دەبینین هەموو بابەتە گرنگ و سەرەكییەكانی ژیان، هەر لە بەدیهێنانی ئادەمیزادو كردنی بەنیشتەجێ و خەلیفە لەسەر زەوی، هەتا دەگاتە خواناسی و یەكتاپەرستی، هەمووی لە چوارچێوەی حیوارێكی هێمن و بابەتیانە، بە شێوازێكی زانستی و بە وشەی جوان و شیرین و سەرنج راكێش، لە قورئاندا باسیان لێوەكراوەو خراونەتە بەر عەقڵ و دڵ و دەروونی مرۆڤەكان.

یەكێك لەو شێوازە سەرەكییانەی كە ئیسلام پەیڕەوی دەكات بۆ گەیشتن بە راستیەكان و دیاریكردنی خاڵە هاوبەشەكان و دۆزینەوەی رێگەچارەی كێشەو گیروگرفتەكان، شێوازی حیوارو گفتوگۆكردنە، ئاشكراشە كە گەورەترین بەهرەو خەڵات كە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیووە، بریتییە لە توانای قسەكردن و حیوارو گفتوگۆكردن، هەر بەوەش لە گیانلەبەرانی تر جیا دەكرێتەوە.



حیوار بریتی نییە لە قسەگۆڕینەوەو بەس، بەڵكو هونەرەو پشت دەبەستێت بە یاساو بنەمای تایبەتی خۆی، هەر لە ئامادەكردنی كەش و هەواو زەمینەیەكی گونجاو بۆی، هەتا دەگاتە چۆنیەتی دەست پێكردن و بەردەوام بوون لەسەری و كۆتایی پێهێنان و بەرەنجامگیری لێی! هەموو ئەمانەش پێویستە لە روانگەی هەستكردن بە لێپرسراویەتییەوە بێت و بە مەبەستی بەرتەسكردنەوەی بازنەی ناكۆكیەكان و فراوانكردنی بازنەی خاڵە هاوبەش و لێكچووەكان بێت و هەنگاونان بێت بۆ چارەسەركردنی كێشەو گیروگرفتەكان.

حیوار لە قورئاندا رووبەرێكی فراوانی گرتووە، وە ئەگەر بە وردی سەیری ئایەتەكانی قورئان بكەین، ئەوە بە ئاشكرا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە پێغەمبەران هەریەكەو بە شێوازێكی تایبەتی و گونجاو لەگەڵ ئەو سەردەمەداو بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی خوا پێیان، حیواری لەگەڵ گەل و نەتەوەكەیدا كردووە؛ هەروەها قورئان هانی موسڵمانان دەدات كە بە عەقڵێكی كراوەو سنگێكی فراوانەوەو لەسەر زەمینەیەكی هاوبەش و بەبێ هیچ بڕیارێكی پێش وەختەوە بەرەو حیوار بڕۆن و لە كاتی حیوار لەگەڵ بەرامبەرەكەیاندا تەنها خۆیان بە راست نەزانن و هێڵێكی راست و چەپ بەسەر بەرامبەرەكەیاندا نەهێنن ! بەڵكو گریمانی هەردوو باری راست و ناڕاست بۆ هەردوولا وەكو یەك دابنێن و لەوێوە بەرەو حیوارێكی هێمن و بابەتیانە بچن و لێگەڕێن بەرەنجامی حیوارەكە راستییەكان دەستنیشان بكات.

بەڵێ ! بەم شێوەیە دەبینین کە ئیسلام گرنگی تایبەتی دەدات بە حیوارو بە شێوازێکی کاریگەرو سەرکەوتووی دادەنێت بۆ لەیەکگەیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکان و چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکان.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، وەکو حزبێکی ئیسلامیی سیاسی، هەر لە سەرەتاوە شێوازی حیواری هەڵبژاردووە بۆ پەیوەندیکردن بە جەماوەرو گەیاندنی پەیامەکەی و چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکان، ئەمەشی وەکو خاڵێکی ستراتیژیەتی راگەیاندووە (**پشت بەستن بە حیوار وەك مەبدەئێکی سەرەکی قورئانی بۆ لەیەکگەیشتن و یەکلاکردنەوەی کێشەکان**).

یەکگرتوو بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە توانیویەتی ئەم خاڵەی ستراتیژیەتی لەسەر زەوی واقیع بەرجەستە بکات و کاری پێبکات، هەر گیروگرفت و کێشەو قەیرانێك رووی تێکردبێت هەوڵی داوە لە چوارچێوەی حیوارو گفتوگۆکردن و لە یەکگەیشتن چارەسەری بکات، چونکە پێی وایە قۆناغی ئێستای خەباتی گەلەکەمان، قۆناغێکی ئینتیقالی گرنگ و ناسکەو پێویستە هەموو لایەك بە ناسکی و وردبینی و دوور بینییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و هەموو کێشەو گیروگرفتەکان کە دێتە بەردەم ئەزموونەکەو حزب و لایەنە سیاسییەکان بە حیوارو گفتوگۆ و لە یەکگەیشتن چارەسەربکرێت، چونکە حیوار تاکە رێگەی شارستانی و ئاشتیانەیە بۆ چارەسەرکردن و سەرکەوتن بەسەر گیروگرفت و کێشەکانداو مەحاڵە مرۆڤیش بەبێ حیوارو



لە یەکگەیشتن بتوانێ پەیوەندییەکی سەرکەوتووانە لەگەڵ دەوروبەریدا دابمەزرێنێت و بە ئاسوودەیی لە ناو کۆمەڵگادا بژیت، هەروەها بە هۆی حیوارەوە دەتوانرێت فرەلایەنی و یەکتر خوێندنەوە لە ناو کۆمەڵگادا، بە تایبەتی لە ژیانی سیاسیدا، بەرجەستە بکرێت.

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە حیوار سوننەتی ژیانەو زەرورەتێکی کاری سیاسییەو بوون و نەبوونی راستەوخۆ، ئیجابیانە یان سلبیانە، کار دەکاتە سەرباری کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا.

**********************

*************

*********

*****

***

*

- ٥ -

# پاراستنی بێ لایەنی و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی حیزبمان

ئەگەر سیاسەت بریتی بێت لە (هونەری هەڵبژاردن لە مومکیناتدا) ئەوە (بڕیارسازی سیاسی)ش بریتییە لە (هونەری هەڵبژاردنی باشترین بەدیل لە نێوان چەندین بەدائیلی تردا).

زۆربەی زانایانی بواری سیاسەت پێیان وایە کە (**بڕیارسازی سیاسی - صناعة القرار السياسي**) بابەتێکی تازەیە لە زانستی سیاسەتداو لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە گرنگی پێ دەدرێت و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی دەربارە دەکرێت.

لە ڕاستیدا، دروستکردنی بڕیاری سیاسی کردارێکی یەکجار وردو ئاڵۆزەو مومارەسەکردنی سیاسەتە لە بەرزترین و ناسکترین ئاستەکانیدا، چونکە کاریگەری بڕیاری سیاسی تەنها لە چوارچێوەی ناوخۆی سنوری ئەو دامەزراوەیەدا نابێت کە بڕیارەکەی لێوە دەردەچێت، بەڵکو لە سنورێکی فراوانتر کاریگەری دەبێت، هەندێ جار کاریگەری بڕیارێکی سیاسی ستراتیژی بە شێوەیەك لە شێوەکان و بە ڕێژەی جیاجیا بەشێکی سەر زەوی یان هەمووی دەگرێتەوە !! هەروەکو چۆن هەندێ بڕیاری مێژووی لە کاتی خۆیدا ڕەوڕەوەی مێژوویان گۆڕیوە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین (دروستکردنی بڕیار یان بڕیارسازی) هەر وەکو چۆن (هونەرە) لە هەمان کاتیشدا



(زانستە) و پێك دێت لە زنجیرەیەك کرداری یەك لە دوای یەك، هەر لە کۆکردنەوەی زانیاری پێویست و شیکردنەوەی هەتا دەگاتە هەڵبژاردن و وەرگرتنی بڕیاری ڕاست و دروست و، دیاریکردنی کاتی گونجاو بۆ ڕاگەیاندنی بڕیارەکە.

هەموو دەوڵەتێك چەند یەکەیەکی بڕیارسازی هەیەو لە ڕێگەی ئەوانەوە بڕیارە جۆراوجۆرەکان وەردەگیرێن، بە هەمان شێوە، هەر دامەزراوەیەك لە ناو کۆمەڵگادا، بە تایبەتی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێویستیان بە یەکەی بڕیارسازی هەیە، چونکە ڕادەی سەرکەوتن و بەرەو پێش چوونی هەر دەوڵەت و هەر دامەزراوەیەك، ڕاستەخۆ پەیوەستە بە جۆری ئەو بڕیارانەی کە دەری دەکات.

بڕیاری سەرکەوتوو لە هەر بوارێکدا، بە شێوەیەکی سەرەکی، پشت دەبەستێت بە ئەندازەگیری تەواوی شتەکان و بڕی ئەو زانیارییە باوەڕپێکراوانەی کە کۆکراونەتەوە بۆ وەرگرتنی بڕیارەکە، هەروەها بە لە پێش چاوگرتنی بارودۆخی ناوخۆ و دەرەکی و خوێندنەوەیەکی وردو واقیعیانەی ئەو بیئەیەی کە بڕیارەکەی تێدا وەردەگیرێت، ئاشکراشە کە بازنەی پسپۆریەتی لە هەموو بارەکاندا پێویستە ڕەچاو بکرێت لە کاتی بڕیار وەرگرتندا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە هۆکاری گونجاو دیاری بکرێت بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکەو چۆنیەتی بەدواداچوونی.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، وەکو حزبێکی کاریگەری سەر گۆڕەپانی کوردستان و هەڵقوولاوی ناو جەرگەی جەماوەر، گرنگی تایبەتی داوەو دەدات بە کاری سیاسی، بەڵکو شێوازی کارکردنەکەی (سیاسی)یانەیە، لەوێشەوە گرنگی بڕیاری سیاسی بۆ دەرکەوتووە، چونکە پێیوایە کە وەرگرتنی بڕیاری سیاسی گونجاو لە کاتی پێویستدا، جگە لەوەی کە بەرەو پێش چوونی ئەو حزب و لایەنە سیاسییەی بەدواوەیە، راستەوخۆش خزمەت بە باری سیاسی کۆمەڵگا دەکات و لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووتری دەبات.

یەکگرتوو، تائێستا بە شێوەیەکی هاوسەنگ و واقیعبینانە بارودۆخی کوردستان و عێراق و ناوچەکەی هەڵسەنگاندووە، وە توانیویەتی بێ لایەنی و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی خۆی بپارێزێت، ئەم بێ لایەنی و سەربەخۆییەشی هەر لە سەرەتای خۆ ئیعلانکردنیەوە وەکو ستراتیژیەتێك بە جەماوەرو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان راگەیاندووەو لە کۆنگرەی سێیەمیشدا دووبارە وەکو خاڵێکی سەرەکی ستراتیژیەتی چەند ساڵی داهاتووی جەختی لەسەر کردۆتەوە (**پاراستنی بێ لایەنی و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی حیزبمان**).



## - ٦ -

# ڕێزگرتن لە (تەعەددودیەت) وەك دیاردەیەکی ئینسانی و شارستانی

بەسەرنجێکی خێرا دەگەینە ئەو راستییە کە بوونەوەر و ژیان لەسەر بنچینەی هەمەچەشنی و فرەجۆری و فرەلایەنی و تەعەددودیەت دامەزراوە، دروستکراوەکانی ناو بوونەوەر جۆراو جۆرو جیاوازن لە یەکتری، جیهانی گیانلەبەران و رووەك هەزارەها بگرە ملیۆنەها جۆری جیاوازی لە خۆ گرتووە، هەروەها مرۆڤەکان لە زۆر رووەوە لەیەکتری جیاوازن، رەنگیان، زمانیان، هەتا لە سلوك و بیرکردنەوەشیان(**وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السمَاوَاتِ وَالأَرْض وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِن فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ**) (الروم/٢٢)... (**وَلَوْ شَاءَ رَبكَ لَجَعَلَ الناسَ أُمةً وَاحِدَةً وَلا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ(١١٨)إِلا مَنْ رَحِمَ رَبكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ**) (هود/١١٨).. دیارە ئەمەش ویستێکی خواییە، کەواتە فرە جۆری و تەعەددودیەت سونەتێکی بوونەوەرەو یاسایەکی ژیانەو لە هەمان کاتدا نیعمەتێکی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی، چونکە ئەگەر مرۆڤەکان یەك سلوك و ئاکار و رەوشتیان هەبێ، ئەوە کۆبوونەوەی مرۆڤەکان مانایەکی نابێ و ژیان لە خاڵێکی دیاریکراودا دەوەستێ و پێشکەوتنی ژیان و ژیارەکان رووی نەدەداو رووش نادات !!!

بەم شێوەیە دەبینین کە فرەجۆری و فرەلایەنی و تەعەددودیەت

ماناى بەردەوام بوون و پێشكەوتن و تەواوكارى دەگەيەنێ لە ژيان و بوونەوەردا.

فرەلايەنى سياسى، كە ئەمڕۆ وەكو چەمك و زاراوە بە شێوەيەكى بەرفراوان لە گۆڕەپانى ژيانى سياسيدا بەكار دەهێنرێت، ماناى باوەڕ بوون بە ئازادى مرۆڤ دەگەيەنێت لە بيركردنەوەو باوەڕ هێنان و رادەربڕين و بەشدارى كردن لە هەر (رێكخستنێكى سياسى)دا كە بە قەناعەتى خۆى باوەڕى پێى هەيەو دەيەوێت لە چوار چێوەيدا تەعبير لە بيرو بۆچوونەكانى بكات و كارو چالاكى سياسى خۆى ئەنجام بدات. فرەلايەنى و تەعەدوديەت لە ناوەڕۆكيدا بريتيە لە داننان و باوەڕ بوون بە ئازادييەكان و راى بەرامبەر و بە يەكەوە ژيانى ئاشتيانە، هەروەها باشترين چوارچێوەيە بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ راو راى جياوازو گفتوگۆ كردن لەگەڵ يەكتردا، بە شێوەيەك كە بەرنامەو پرۆژەو كارو چالاكى و بەرهەمى هەموو لايەك بڕژێتە خانەى خزمەتكردنى گەل و وڵات و هەموو لايەك، بە گوێرەى قەبارەو كێشيان، كە سندوقەكانى دەنگدان ديارى دەكات، بەشدارى بكەن لە دروستكردنى بڕيارى سياسى و بەڕێوەبردنى كاروبارى وڵاتدا، چونكە لە راستيدا فرەلايەنى و تەعەدوديەتىسياسى و حيزبى لە جوانترين شێوەى كرداريدا بريتيە لە تەعەدوديەتى بەرنامەو پرۆژەكان؛ كە پێويستە هەر هەموويان پاسادانى بەرژەوەندييەكانى گەل و وڵات بكەن.

موسڵمانان هەر لەسەرەتاى ئيسلامەوە بە شێوەيەك لە



شێوەكان مومارەسەى فرەلايەنى و تەعەدوديەتى سياسيان كردوە لە ژيانى كۆمەڵايەتى و سياسى خۆياندا، (د. محمد عمارە) لەو بارەيەوە دەڵێت : ((زانيارى و رووداوى وامان لەبەر دەستە كە بتوانين بڵێين كە سەردەمى پێغەمبەرﷺ و خولەفاى راشدين هەيئەتى وەك (المهاجرين الاولين)ى بەخۆوە بينيوە كە مومارەسەى هەموو ئەو ئيش و كارانەى كردووە كە رێكخستنێكى سياسى بتوانێ پێى هەڵبستێت لە كۆمەڵگەيەكى وەكو مەدينەدا)) (١) هەروەها ((**هەيئەتى (النقباء الاثنى عشر)** كە بە هەڵبژاردن لەو ئەنصارانە پێك هاتبوو كە لە (**بيعة العقبة**) پەيمانى دروستكردنى دەوڵەتى ئيسلامييان لەگەڵ پێغەمبەرداﷺ بەست، ئەو هەيئەتە وەكو رێكخستنێك وابوو كە خاوەنى ئيختيصاصاتى دەستورى بوو لە ژيانى ئەو دەوڵەتە ئيسلاميەدا)) (٢) هەر لەو بارەوە شێخ (احمد الشامى) دەربارەى تەعەدوديەتى سياسى لە ئيسلامدا دەڵێت ((تەعەدوديەتى سياسى لە ئيسلامدا لە رۆژى (**السقيفه**)وە دەستى پێكردووە، كاتێك مهاجيرەكان رەئيەكيان هەبوو، ئەنصارەكانيش رەئيەكى جياوازيان هەبوو، هەروەها لايەنگرانى (ئيمام عەلى)ش رەئيەكى تريان هەبوو)) (٣) لە لايەكى ترەوە، دروستبوونى مەزهەبەكانى وەك (حەنەفى، شافعى، مالكى، ئەحمەدى و جەعفەرى و..هتد) بەڵگەيەكى ترە لەسەر ئەوەى كە موسڵمانان، لە پێش هەموويانەوە زانايان و كەسانى خاوەن ئيجتيهاد و خاوەن رەئى، لە ژيانياندا مومارەسەى فرەلايەنى و تەعەدوديەتيان كردووە،

راستە ئەم مەزهەبانە لە بواری فقهی عیبادات و معامەلاتدا بوون، بەلام ئایا ئاینێك ڕێگا بدات كە فرەلایەنی و تەعەدودیەت لە بواری عیبادات و دینداریدا هەبێت، ئەی چۆن ڕێگا نادات لە بواری سیاسی و كارو باری بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا فرەلایەنی و تەعەدودیەت هەبێت؟! (د. **یوسف القرضاوي**) لەو بارەوە وتەیەكی بەناوبانگی هەیە كە دەڵێت : (**المذاهب الفقهية احزاب في الفقه، والاحزاب السياسية مذاهب في السياسة**)) [٤]

هەروەها دەڵێت: ((هیچ ڕێگرێكی شەرعی نییە لەبەردەم ئەوەی كە زیاتر لە حیزبێكی سیاسی لەناو دەوڵەتی ئیسلامیدا هەبێت چونكە ڕێگری شەرعی پێویستی بە دەق (نص)هەیە، لەو بوارەشدا دەق نییە، بەڵكو ئەو جۆرە تەعەدودیەتە زەرورەتە بۆ دروست نەبونی تاكڕەوی كەسێك یان دەستەیەك لە حوكمدا و بە زۆر خۆسەپاندنیان بەسەر خەڵكدا..)). (٥)

**یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان**، وەك حیزبێكی سیاسی خاوەن دیدگای ئیسلامیی، بەم شێوەیە بۆ فرەلایەنی و تەعەدویەت دەڕوانێت و باوەڕی بە ئازادی ڕادەبڕین و ڕاو ڕای جیاواز هەیە، فرەلایەنی و تەعەدودیەت بە دیاردەیەكی دروستی هەر كۆمەڵگەیەكی زیندوو دەزانێ، پێیوایە دیاردەیەكی ئینسانی و شارستانییە، بوونی لە ناو هەر كۆمەڵگایەكدا دەبێتە مایەی جێگیر بوونی باری كۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو كۆمەڵگەیە، چونكە تاكەكانی دەتوانن مومارەسەی مافی ئازادی را دەربڕین و بەشداری كردن لە دامەزراوەكانی كۆمەڵگادا بكەن. هەر لەو



ڕوانگەوە، یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان ڕێزگرتن لە فرەلایەنی و تەعەدودیەت بە خاڵێكی ستراتیژیەتی خۆی دادەنێت، وە لە كۆنگرەی سێهەمیدا وەكو خاڵێكی ستراتیژیەتی خولی داهاتووی تۆماری كردو لە لایەن ئەندامانی كۆنگرەوە پەسەند كراوە((**ڕێزگرتن لە (تەعەدودیەت) وەك دیاردەیەكی ئینسانی و شارستانی** )).

پەراوێزەكان:

١-الاسلام و حقوق الانسان، ضرورات.. لا حقوق، د. محمد عماره، ١٩٨٥م ل١٠٠.

٢-الاسلام و التعدديه الحزبيه، د. محمد عماره.

٣-گۆڤاری (العالم) ژ(٤٠٣)، ١٩٩١م، گفتوگۆیەک لەگەڵ شێخ (احمد الشامي).

٤-بەرنامەی (الشريعة و الحياة) (التعددية السياسية في الاسلام). كەناڵی ئاسمانی (الجزيرة)٤/٤/١٩٩٩.

٥-فتاوى معاصرة، د. يوسف القرضاوي.

* **تێبینی**: پەراوێزەكانی (١،٢،٣،٥) لە كتێبی (الفكر الاسلامي.. قراءات و مراجعات)ی زكي الميلاد، چاپی (١٩٩٩) وەرگیراون.

- ٧ -

# پەرەپێدانی مەبدەئی هاوكاری و بەیەكەوە بوون لەگەڵ لایەنە ئیسلامیەكانی ساحەكەدا

لە بەرەنجامی ئەو بێداریە ئیسلامییەی كە سەراپای دنیا، بە تایبەتی جیهانی ئیسلامیی، گرتۆتەوە، دەیان حیزب و لایەنی سیاسی پەیدابوون كە بە تێڕوانین و بینشێكی ئیسلامیانەوە مومارەسەی كاری سیاسی دەكەن، ئەو حیزب و لایەنە سیاسییە ئیسلامییانە لە رووی مەبەست و ئامانجیانەوە، كە بریتیە لە پیادەكردنی ئیسلام لە گشت بوارەكانی ژیاندا، چوون یەك و هاوبەشن، بەڵام مەرج نییە كە هەر هەموویان لە رووی هۆكارو ئالیەت و شێوازی كاركردنیان وەكو یەك بن، چونكە بانگەشە كردن و كاركردن بۆ ئیسلام ئەوە ناخوازێت كە موسڵمانان هەر هەموویان یەكتر دووبارە بكەنەوەو كۆپی یەكتر بن لە هەموو شتێكدا، بەڵكو سوننەتی ژیان و بوونەوەر ئەوە دەخوازێت كە هەمەجۆرو تەواوكاری یەكتر بن، هەروەكو چۆن لە بواری فیقهی عیبادات و مەعامەلاتدا ئەم چەشنە فرەجۆری و تەواوكارییە هەیەو بۆتە مایەی فراوان بوون و دەوڵەمەندبوونی فیقهی ئیسلامیی كە لە بەرژەوەندی موسڵمانان و مرۆڤایەتی دایە، هەر بەو شێوەیە ئاساییە كە لە بواری فیقهی سیاسیشدا هەمە جۆرو تەواوكاری یەكتر بن، بەڵام ئەوەی كە گرنگە لەو بوارەدا ئەوەیە كە نابێت ئەو جیاوازی و هەمە جۆرییە لە هۆكار و شێوازی



كاركردندا ببێتە هۆی ناكۆكی و دووبەرەكی و دوور كەوتنەوە لە یەكتر، چونكە ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ گیانی برایەتی ئیمانی نێوان موسڵمانان كە خوای گەورە بڕیاری لەسەرداوە (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ )(الحجرات -١٠).

كەواتە پێویستە ئەو حیزب و لایەنە سیاسیە ئیسلامیانە بە چاوی پڕ میهرو خۆشەویستیەوە بۆ یەكتر بڕوانن و لەسەر بنچینەی هاوكاری و بەیەكەوە بوون مامەڵە لەگەڵ یەكتردا بكەن و ئایەتی ( وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى)(المائدة -٢) بكەنە بنەمای كاركردنیان.

حیزب، كە بە یەكێك لە گرنگترین دامەزراوە سیاسیەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێت، لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا گونجاوترین هۆكارو چوارچێوەیە بۆ هەر كۆمەڵێكی خاوەن فیكرو بەرنامەو پرۆژەی گۆڕانكاری، كە بە هۆیەوە تەعبیر بكات لە بیرو بۆچوونەكانی و بەشداری ژیانی سیاسیش بكات، هەر لەو روانگەیەوە، ئیسلامییەكان لەو بوارەدا بە شێوەیەكی گشتی هەنگاوی باشیان ناوە، كەم وڵاتی ئیسلامیی هەیە كە چەندین حیزب و لایەنی سیاسی ئیسلامیی تێدا دروست نەبوو بێت، مەگەر لەو وڵاتانەی كە تاكڕەوی و تاك حیزبی و دیكتاتۆریەت تێیدا باڵا دەست بێت و بواری ئازادی كاركردن و رادەربڕینی لێ نەبێ.

ئەو حیزب و لایەنە ئیسلامیانە رۆژ بە رۆژ زیاتر خیبرەی سیاسی پەیدا دەكەن و مومارەسەی كاری سیاسییان بەرەو باشتر دەچێت، بە شێوەیەك كە ئێستا بوونەتە ژمارەیەكی

کاریگەر لە هاوکێشە سیاسیەکاندا. لە لایەکی ترەوە حیزب و لایەنە ئیسلامییەکان هەتاوەکو تەفاهومی شێوەکاری یەکتر بکەن، ئەوە زیاتر بەرەو پێش دەچن و چاکتر دەتوانن خزمەتی ئیسلام و گەل و وڵاتیان بکەن، بەڵکو پێویستە هەر یەکێکیان بە چاوی رێزەوە سەیری قەناعەت و ئیجتیهادی بەرامبەرەکەی بکات لە هەڵبژاردنی شێوازی کارکردنیدا، هەروەها لە هەموو ئەو خاڵانەی کە هاوبەشن یارمەتی یەکتر بدەن و لەو شتانەش کە رەئی جیا لە یەکتریان هەیە عوزر بۆ یەکتر بهێننەوە (**یعاون بعضنا بعضا فیما اتفقنا علیه، ویعذر بعضنا بعضا فیما اختلفنا فیه**).

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، وەکو حیزبێکی سیاسی ئیسلامیی، بەو شێوەیە دەڕوانێتە بوونی حیزب و لایەنە ئیسلامیەکانی تری سەر ساحەکەو بە مافی هەر لایەنێکی ئیسلامیی دەزانێت کە شێوازی کارکردنی لە روانگەی ئیسلامەوە هەڵبژێرێت و لەو رێگەوە خزمەتی گەل و وڵات بکات، یەکگرتوو هەموو کات ئامادەیی هەبووەو هەیە دەستی برایەتی و هاوکاری کردن و بەیەکەوە بوون درێژ بکات بۆ حیزب و لایەنە ئیسلامیەکانی ساحەکە، بەڵکو ئەمەی وەکو خاڵێکی ستراتیژیەتی خولی داهاتووی لە کۆنگرەی سێهەمدا جارێکی تر دووپات کردۆتەوە (**پەرەپێدانی مەبدەئی هاوکاری و بە یەکەوە بوون لەگەڵ لایەنە ئیسلامیەکانی ساحەکەدا**).



- ٨ -

## پێکەوە ژیان و تەبایی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان

ئەسڵ لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان (پێکەوە ژیان)ە، چونکە لە راستیدا مرۆڤ مەخلوقێکی کۆمەڵایەتییەو ناتوانێ بە تەنها بژیت، هەروەها زۆربەی هەرە زۆری پێداویستیەکانی ئادەمیزاد لە چوارچێوەی بە یەکەوەژیان و ژیانی بە کۆمەڵدا جێبەجێ دەبن و دێنە دی، هەر لەو روانگەوە، رێنماییەکان و فەرمان و نەهیەکانی ئاینە ئاسمانیەکان، بە تایبەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، لەسەر بنچینەی پێکەوە ژیان و بە کۆمەڵ ژیانی مرۆڤەکان دارێژراون، تەنانەت ئەو ئەمرو نەهیانەش کە ئاراستەی تاک تاکی مرۆڤەکان کراوە هەر بە مەبەستی رێکخستنی پەیوەندی مرۆڤەکانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی ئاسوودەو سەرکەوتوودا؛ جا لەبەر ئەوەی (پێکەوە ژیان) ئەسڵە، پێویستە مرۆڤەکان بە ئاشتی و برایەتی و تەبایی بژین و هاوکاری یەکتر بکەن بۆ هەرچی باشترو جوانتر ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی و بەختەوەربوونی زیاتری مرۆڤایەتی؛ جێبەجێ بوونی ئەم ئەرکەش کۆبوونەوەی

مرۆڤەکان دەخوازێت لە ناو چوارچێوەو دامەزراوەیەکدا بۆ ئەوەی بە یەکەوەو بە دەستەجەمعی کار بکەن و بە یەك دیدی هاوبەش بۆ شتەکان بڕوانن و چارەسەری کێشەکان بکەن.

لەم سەردەمەی ئامرۆماندا حزب و کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان ئەو چوارچێوەن کە دەستە دەستەو گروپ گروپ لە خەڵك لەسەر بنچینەی هاوبیرو بۆچوونی و تێڕوانینی هاوبەش خۆیان لە ناویدا ڕێك دەخەن و بەرنامەو پرۆژەو کارو چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن و بەشداری ژیانی سیاسی دەکەن. کەواتە دروستبوونی ڕێکخراوەو حیزب و لایەنی سیاسی لە ناو هەر کۆمەڵگایەکدا شتێکی ئاسایی و دیاردەیەکی دروستە، بە مەرجێ مامەڵەی ڕاست و واقیعیانەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو نیشانەی زیندوویەتی و هۆشیاری هەر گەل و نەتەوەیەکەو بە پێوەری بوونی ئازادی کارکردن و ڕادەربڕین و دیموکراسیەت دادەنرێت لە ناو هەر کۆمەڵگایەکدا.

گەلی کورد، کە گەلێکی گەورەو ڕەسەنی دنیایە، بە درێژایی دەیان ساڵی رابردوو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە هەوڵ و خەبات و تێکۆشانێکی نەپساوەو ماندوونەناسانەدایە بۆ لابردنی زوڵم و ستەمی سەری و بەدەستهێنانی سەربەستی و ئازادی و ژیانێکی سەربەرزانە



لەسەر خاکی بابو و باپیرانی و لە ناو وڵاتی خۆیدا؛ وە لەو پێناوەشدا فرمێسك و خوێنی زۆری ڕشتووەو قوربانی گەورەی بەخشیوە، لە بەرەنجامی ئەوەدا، سوپاس بۆ خوای بەخشندە، لە بەشێکی کوردستاندا (کوردستانی عێراق)، گەلی کورد تا رادەیەکی باش بە ئامانجە ڕەواکانی خۆی گەیشتووەو، بۆتە خاوەنی پەرلەمان و حکومەت، ئێستا لە کوردستاندا دەیان حیزب و لایەنی سیاسی، بە جیاوازی بیرو بۆچوونیانەوە، ئازادانە مومارەسەی کاری سیاسی خۆیان دەکەن و هەریەکە بە میکانیزم و شێوەکاری خۆی و بە گوێرەی توانای، بەشداری ژیانی سیاسی و ئاوەدانکردنەوەو خزمەتکردنی کوردستان دەکات.

ئەوەی کە لێرەدا گرنگە پاراستن و بەرەو پێشچوونی ئەزموونەکەی تارادەیەکی زۆر پێوە بەندە، بریتییە لە پەیوەندیی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی سەرگۆڕەپانی کوردستان، هەتاوەکو پەیوەندی نێوانیان گەرم و گوڕو توندوتۆڵ بێت و، بەرژەوەندی باڵای گەل و وڵات پێش هەر ئیعتیبارێکی تر بخرێت و، لەسەر بنچینەی پێکەوە ژیان و هاوکاری کردن مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکرێت، ئەوە دەتوانرێت خزمەتی باشتر بە گەل و وڵات بکرێت و ئەزموونەکە بەرەو پێشتر ببرێت. جاری وا هەیە هەموو لایەنەکانی شۆڕشی ئازادیخوازی گەلێك لە قۆناغی

رزگاریخوازیدا لەگەڵ یەکتردا کۆکن و دوژمنی هاوبەش لەبەرەیەکی هاوبەشدا کۆی کردوونەتەوە، بەڵام بەداخەوە دوای رزگار بوون و سەرکەوتنی شۆڕشەکەو گەیشتن بە قۆناغی دامەزراندنی دەزگاکانی دەوڵەت لە حکومەت و پەرلەمان و..هتد ئەوە ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان، یان سەر لەنوێ هەڵدەداتەوە! ! ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ لە دەستدان یان کەمکردنەوەی دەستکەوتەکانی شۆڕشەکە.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، یەکێکە لەو حیزب و لایەنە سیاسییانەی کە ئێستا لەسەر ساحەی کوردستان مومارەسەی کاری سیاسی و بەشداری ژیانی سیاسی دەکات، خاوەنی گوتارو جەماوەری خۆیەتی و خۆی بە هاوکارێکی دڵسۆزی لایەنە سیاسیەکانی تر دەزانێ و، پێیوایە کە بە هەموو لایەکەوە دەتوانرێت خزمەتی تەواوی گەل و وڵاتەکەمان بکرێت ، یەکگرتوو بڕوای تەواوی بە پێکەوە ژیان و تەبایی هەموو حیزب و ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەیەو پەیوەندی خۆش و ئاسایی لە گەڵیاندا بەردەوامە، هەموو کات ئامادەی هاوکاری کردن و بەیەکەوە کارکردنی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان هەبووەو هەیە، تەنانەت هەوڵی ئەوەشی داوە کە گۆشەنیگا جیاوازەکانیش لە یەکتر نزیك بخاتەوە.



یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان هەر لەو ڕۆژەوەی خۆی ئیعلانکردووەو هاتۆتە مەیدانی خەباتی سیاسی، بەو شێوەیە بۆ پەیوەندی نێوان خۆی و لایەنە سیاسییەکانی تری سەر ساحەکەی ڕوانیوە و هەر بەو شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵدا کردوون و، بە چاوی ڕێزەوە بۆ هەموو لایەکی ڕوانیوە.

پێکەوە ژیان و بەین خۆشی و تەبایی و هاوکاری کردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان لای یەکگرتوو ستراتیژیەتەو هەر لە سەرەتاوە ئەمەشی بە هەموو لایەك و جەماوەر کوردستان ڕاگەیاندووە و کۆنگرە دوای کۆنگرە جەختی زیاتری لەسەر کردۆتەوە، لە کۆنگرەی سێهەمیشیدا وەکو خاڵێکی ستراتیژیەتی خولی داهاتووی تۆماری کردو لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە پەسەند کراوە (**بەردەوام بوون لەسەر پێکەوە ژیان و تەبایی لەگەڵ گشت لایەنە سیاسییەکانی ساحەی کوردستان**).

*****************************
*******************
************
*******

- ٩ -

## هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی یاساو نیزام و دوورکەوتنەوە لە پاشاگەردانی لە وڵاتدا

دیارترین و جوانترین سیمای بوونەوەرو ژیان ئەو یاساو نیزامەیە کە لە سەری بەڕێوە دەچێت، بە واتایەکی تر نیزامی بوونیەتی، ئەگەر سەرنجێکی خێرای بونەوەرو ژیان بدەین ئەوە دەبینین هەر لە وردترین گەردیلەی بوونەوەرو بچوکترین گیانلەبەری ژیان هەتا دەگاتە ئەستێرەکانی ئاسمان و نەهەنگەکانی دەریا، ئەوە هەر هەموویان بە گوێرەی ئەو یاسا گشتییە بەڕێوەدەچن و ژیان بەسەر دەبەن کە پەروەردگاری کار جوان و زاناو دانا داینـاوە! لە لایەکی ترەوە، هەموو ڕووداوو جوڵەی شتەکان و گۆڕانکارییەکانی ناو بوونەوەر بە شێوەیەکی گشتی، هیچی ڕەشۆکی و هەڕەمەکی نییە، بەڵکو هەر هەمووی بە پێی یاساو نیزامێك بەڕێوەدەچێت کە پەروەردگاری حەکیم نەخشەی بۆ کێشاوە، تەنانەت خوای گەورە بەردەوامبوونی ئەم ژیان و بوونەوەری راستەوخۆ پەیوەستکردووە بەو یاساو نیزامەی کە بۆی داناوە!

لە لایەکی دیکەوە، کۆبوونەوەی مرۆڤەکان لەسەر پارچە



زەوییەکی دیاریکراو یان لە چوارچێوەی کۆمەڵگاو وڵاتێکداو، هەوڵدانیان بۆ هێنانەدی پێویستیەکانی ژیان و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوانیان، هەموو ئەمانە ئەوە دەخوازن کە یاساو نیزامێك هەبێت بۆ ئەوەی سنوورو بازنەی هەر تاك و کۆمەڵگاو وڵاتێك دیاری بکات، ئەگەر نا ئەوا پاشاگەردانی و بێ سەروبەری لەسەر زەوی بڵاودەبێتەوەو ژیان مانای راستەقینەی لە دەست دەدات و ڕەوڕەوەی پێشکەوتن و گەشەسەندن دەوەستێت! ئاینە ئاسمانیەکان، بەتایبەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، هەر بۆ ئەوە هاتوون کە ژیانی خەڵك لەسەر زەوی ڕێکبخەن و لە جوانترین شێوەیدا سستمای بکەن. ئیسلام داوا دەکات کە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی و موسڵمانان بە تایبەتی هەر لە بچوکترین چالاکی ڕۆژانەیان هەتا دەگاتە بەڕێوەبردنی دەوڵەت، یاسایی و نیزامی بن و دوور بن لە پاشاگەردانی و هەڕەمەکیەت؛ هەروەها بۆ ئەوەی مرۆڤ هاوڕێرەو بێت لەگەڵ جوڵەی بوونەوەر -کە جوڵەیەکی تەواو یاساییە-و بە پێچەوانەوە ئاراستە نەکات، پێویستە لەسەری کە پەیڕەوی یاساو نیزام بکات!

هەر لەو ڕوانگەیەوە، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، وەکو حیزبێکی سیاسی کاریگەری سەر گۆڕەپانی کوردستان، کە خاوەنی تێڕوانینی ئیسلامیانەیە بۆ شتەکان،

به ئەركی خۆی دەزانێت كه ڕێز له یاساو نیزام بگرێت و پەیڕەوی بكات.

یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان، هەر لە ڕۆژی خۆئیعلانكردنیەوەو هاتنە ناو مەیدانی كاری سیاسی، ئەوەی ڕاگەیاندووە كه ڕێز له یاساو نیزام دەگرێت و هەموو كات لەگەڵ یاسا سەروەریدایە، چونكه پێیوایه به ڕێزگرتن لە یاساو پابەندبوون پێیەوە دەتوانرێت ئارامی و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵك دابین بكرێت و ئەزموونەكەش بەرەو پێشتر ببرێت و ڕوویەكی جوانترو گەشتر به ناوەوەو دەرەوە پێشكەش بكرێت.

یەكگرتوو، هەر لە دوای ڕاپەڕینە شكۆدارەكەی بەهاری ساڵی(١٩٩١)، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەمیشە هەوڵی داوە كه هەنگاوەكانی یاسایی بن و لە چوارچێوەی یاسادا كارو چالاكییەكانی ئەنجام بدات و هیچ هەنگاوێك نەنێ كه ناكۆك بێت و نەگونجێت لەگەڵ سەروەری یاساو نیزامدا، جەماوەری كوردستانیش شاهیدی ئەو ڕاستییەن. هەربۆیە لە دوای دەرچوونی یاسای ئەحزاب و كۆمەڵەو ڕێكخراوەكان لە مایسی (١٩٩٣)، لە لایەن پەرلەمانی كوردستانەوە، یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان یەكێك بوو لەو حیزب و لایەنە سیاسیانەی كه هەر زوو داوای مۆڵەتی یاسایی كردو، لەوكاتەوە تائێستا بە شێوەیەكی یاسایی لەسەر كارو



چالاكییەكانی بەردەوامەو، بەشداری كاری سیاسی و ژیانی سیاسی كوردستان دەكات، پشت به خوا هەر بەردەوامیش دەبێت بۆ هەرچی زیاتر خزمەتكردنی گەل و وڵات.

لێرەدا جێگای خۆیەتی كه بڵێین قۆناغی ئێستای خەباتی ئێمەی گەلی كوردستان، كه زیاتر قۆناغی بە مەدەنیكردنی كۆمەڵگاو سستماكردنیەتی، له هەموو كات زیاتر پێویستی بەوە هەیە كه ڕێز لە یاسا بگرین و سەروەری یاساو نیزام بپارێزین.

تێڕوانینی یەكگرتوو بۆ ڕێزگرتنی یاساو پابەندبوون پێوەی تێڕوانینێكی ستراتیژیانەیەو، تەنانەت هەوڵدەدات كه ئەندام و لایەنگران و دۆستانی به شێوەیەك پەروەردە بكات كه گیانی ڕێزگرتن له یاساو یاسا سەروەریان لە لا دروست ببێت، چونكه هەر كاتێ تاكەكانی كۆمەڵگا بە شێوەیەكی زاتی ڕێزیان لە یاسا گرت و هەوڵیاندا پابەند بن پێوەی، ئەوە ئەو كۆمەڵگایە سەركەوتوو ئاسوودە دەبێت و پێش دەكەوێ.

هەر لەسەر ئەو بنچینەیەو لەو ڕوانگەیەوەیە كه یەكگرتوو هەوڵ دەدات یاساو نیزام لە وڵاتدا بەرقەرار بێت، ئەمەشی كردۆتە خاڵێكی ستراتیژیەتی خولی داهاتووی (هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی یاساو نیزام و دووركەوتنەوە لە پاشاگەردانی لە وڵاتدا).

## هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئاشتی وئاسایی کردنەوەی باری سیاسی هەرێم

سەرکەوتن گرنگە، بەڵام لە سەرکەوتن گرنگتر پاراستنیەتی! بە سەرنجێکی خێرای مێژووی خەباتی گەلانی رزگاریخوازی دنیا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن قۆناغی رزگاریخوازی گەلان، لە پاڵ هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی بێ وچان، تووشی چەندین گیروگرفت و خەبات و ئاستەنگی جۆراوجۆر دەبێ و لە بەردەم جۆرەها مەترسی دایە، بە هەمان شێوەش قۆناغی دوای رزگار بوون و سەرکەوتن، گیروگرفت و ئاستەنگی تایبەتی خۆی هەیەو چەندین مەترسی دەرەکی و ناوەکی رووی تێ دەکات، بە تایبەتی لە سالآنی سەرەتای سەرکەوتندا، چونکە لەو ماوەیەدا حیزب و لایەنە سیاسییە خەباتکارو شۆڕشگێڕەکان رووبەرووی چەندین ئاستەنگ و گیروگرفت دەبنەوە، کە دەکرێت بڵێین گرنگترینیان کێشەی دەسەڵات و چۆنیەتی دا بەشکردنیەتی، هەروەها چۆنیەتی هەنگاونان و ئینتیقال لە قۆناغی شەرعیەتی شۆڕشگێڕیەوە بۆ قۆناغی شەرعیەتی دەستووری، ئەم ماوەیەش بە قۆناغێکی یەکجار گرنگ و ناسك دادەنرێت و پێویستە بەوپەڕی وردبینی و لێپرسراوێتیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەگەرنا لەوانەیە ئەوەی لە قۆناغی یەکەمدا بە دەست هاتووە لە قۆناغی دووەمدا لە دەست دەربچێت! !

گەلی کورد، گەورەترین گەلی دنیایە کە تائێستا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ و یەك پارچە نییەو، دەیان ساڵە لە هەولْ و خەبات و تێکۆشانێکی نەپساوەو ماندوونەناسانە دایە بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانی، وە لەو پێناوەدا قوربانی گەورەی بەخشیووەو خوێن و فرمێسکی زۆری رشتووە، بە جۆرێك هیچ ماڵێکی کوردستان و تاکێکی کوردی نییە، بە شێوەیەك لە شێوەکان، بەشداری نەکردبێت لەو قوربانیدانە! لە بەرەنجامی ئەو خەباتە سەخت و دوورو درێژەو راپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری (١٩٩١)ی جەماوەری فیداکاری کوردستان -سوپاس بۆ خوا- گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا تارادەیەکی باش بە مافە رەواکانی خۆی گەیشتووەو خەونەکانی لە ئازادی و پەرلەمان و حکومەتی کوردی هاتۆتەدی؛ بەڵام بە هەزار داخەوە، هەر پاش ماوەیەك، کابووسی شەڕی نەگریسی ناوخۆ لە خەوی شیرینی ئازادیو سەبەخۆیی رای چڵەکاند! !

بە راستی (شەڕی ناوخۆ) سامناکترین هۆکارو بەربەست و ئاستەنگە لە بەردەم سەرکەوتنی خەباتی گەلانی

ئازادیخواز، یان بە لایەنی کەمەوە دەبێتە هۆی دواخستنی سەرکەوتنی یەکجاری و ئیفلیجبوونی هەنگاوەکانی بەرەو پێش چوون و نائومێدبوونی جەماوەر!

لە کوردستانی خۆماندا، بەداخەوە، وا بۆ ماوەی چەند ساڵێکە شەڕی ناوخۆ یەخەی ئەزموونە مێژوویی و ساواکەمانی گرتووەو هەڕەشەی لێ دەکات!! حیزب و لایەنە سیاسییەکان و سەرجەم جەماوەری دڵسۆزی کوردستان هەست بە ترسناکی و کاریگەری سلبی ئەو شەڕە دەکەن لەسەر ئەزموونەکەو بارودۆخی کوردستان و سەرهەڵدانی هەندێ دیاردەی نامۆ و نەویستراو!! لەبەرئەوە هەرچەندەی لە دەستیان هاتبێ و ڕێگایان بوو بێت دریغیان نەکردووە بۆ وەستانی شەڕەکەو گەڕانەوەی باری ئاسایی کوردستان، لە هەمان کاتدا چەندین هەوڵی دەرەکیش دراوە بۆ هەمان مەبەست، بەڵام بەداخەوە نە هەوڵە ناوەکییەکان و نە هەوڵە دەرەکییەکان تائێستا نەیتوانیوە ئاشتی و ئاشتبوونەوە بە تەواوی لە کوردستاندا بەرقەرار بکات!!

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، یەکێکە لەو حیزب و لایەنە سیاسیانەی سەر گۆڕەپانی کوردستان، کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆوە، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەموو هەوڵ و کۆششی خۆی خستۆتەگەڕ، چ



بە تەنها بوو بێت یان بە هاوبەشی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییانەکانی تر، بۆ وەستاندنی شەڕی ناوخۆ و گەڕانەوەی ئاشتی و برایەتی و ئاسایی کردنەوەی باری سیاسی کوردستان، یەکگرتوو پێیوایە کە ئەو ئەزموونەی ئەمڕۆ موڵکی هەموو گەلی کوردستانەو بە گەورەترین دەستکەوتی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان دادەنرێت و پاراستن و هەوڵدان بۆ بەرەو پێش بردنی ئەرکی سەرشانی گشت لایەکە، لە لایەکی ترەوە، هەموولا ئەوەش دەزانین کە بارودۆخی ئێستای کوردستان هەلێکی مێژوویی و زێڕینە لە بەردەممانداو پێویستە بە جوانترین شێوە لە پێناو بەرژەوەندی باڵای گەل و وڵاتماندا ئەوپەڕی سوودی لێ وەربگرین.

شەڕی ناوخۆی کوردستان، هەر وەکو زۆربەی هەرەزۆری شەڕەناوخۆییەکانی دونیا، بە پلەی یەکەم لەسەر دەسەڵاتە، ئاشکراشە کە باشترین میکانیزم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەسەڵات لە هەر وڵاتێکدا حیوارو لە یەکگەیشتن و هەڵبژاردن و سندوقەکانی دەنگدانە.

هەوڵدان بۆ گەڕانەوەو چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایی کردنەوەی باری سیاسی کوردستان لە لای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئەرکێکی شەرعی و نیشتمانییەو، بە هەموو جۆرێك هەوڵی بۆ دەدات و وەکو ستراتیژیەتێك

مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هەر لەو روانگەوە کردوویەتی بە خاڵێکی ستراتیژیەتی بۆ خولی داهاتووی (**هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایی کردنەوەی باری سیاسی هەرێم و ئە نجامدانی هەڵبژاردنی ئازادو سەرتاسەری بۆ پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتێکی ئیئتیلافی یەکگرتوو لەسەر ئاستی هەرێم**).

یەکگرتوو پێیوایە باشترین رێگەچارە بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی و ئاسایی بوونەوەی باری سیاسی کوردستان، بریتییە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازادو سەرتاسەری؛ ئازاد بەو مانایەی کە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانەکە مافی بەشداری کردنیان هەبێت و ئازادانە بتوانن بانگەشەی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن و بەرنامەو پرۆژەکانیان پێشکەش بە جەماوەر بکەن و جەماوەریش ئازادانە رەئی خۆی بخاتە سندوقەکانی دەنگدانەوە، هەروەها سەرتاسەری بێت بەو مانایەی لەسەرتاسەری کوردستاندا بە یەك پرۆژەو لە یەك کاتداو بە بەشداری هەموو لایەك بەڕێوەبچێت و ئەنجام بدرێت، ئەو کاتەش بە گوێرەی بەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە پەرلەمانێکی فرەلایەن و فرە رەنگ و فرە دەنگ پێك بهێنرێت و پاشان حکومەتێکی ئیئتیلافی بنکە فراوانی یەکگرتوو لەسەر ئاستی هەرێم دروست بکرێت، پێم وایە ئەمەش هیواو ئاوات و ئامانجی هەموو کوردێك و تاکێکی دڵسۆزی ئەم کوردستانەیە.



- ١١ —

## کێشەی گەلی کورد وەك کێشەی خاك و خەڵك سەیر دەکەین

گەلی کورد، یەکێکە لە گەلە رەسەن و دێرینەکانی دنیا بە گشتی و گەلانی رۆژهەڵات بە تایبەتی، بە درێژایی مێژوو گەلێکی زیندوو و، کارا بووە لەو ناوچانەی کە تێیدا ژیاوە، لەزۆربەی رووداوەکاندا دەورو کاریگەری خۆی هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە گەورەترین گەلی دنیا دادەنرێت کە تا ئێستا نەبۆتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ و یەکپارچەو، خاکەکەی بە زۆرو ستەم و بە بێ ئیرادەی خۆی بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەشکراوەو تائەمڕۆش هەر بە دابەشکراوی ماوەتەوە! ! ئەمەش زوڵم و ستەمێکی مێژوویە کە بەرامبەر بەو گەلە ئازاو خەباتکارو کۆڵنەدەرە کراوە! ! لە بەرەنجامی ئەوەدا، گەلی کورد بە درێژایی دەیان ساڵی رابردوو، لە هەوڵ و خەبات و تێکۆشانێکی سەخت و خوێناوی نەپساوەدا بووە، وە تائێستاش هەر بەردەوامە، بە شێوەیەك ماڵە کوردێك و تاکێکی ئەم کوردستانە نەماوە، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان، بەشداری نەکردبێت لەو خەبات و تێکۆشانەو

قوربانی نەدابێت، کاروانی دوورو درێژی شەهیدان و قوربانیەکانی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستان شاهیدن لەسەر ئەم راستییە.. کورد دەیەوێت زوڵم و ستەمی سەری لابەرێت و مافەرەواکانی خۆی بە دەست بهێنێت و، وەکو هەموو گەلانی تری ناوچەکەو جیهان بە ئازادی و سەربەرزی و لە ژێر سایەی حکومەتی خۆیدا بژیت و پەیوەندی خۆش و ئاسایی و بەیەکەوە ژیان و هاوکاری کردنی لەگەڵ گەلانی دەوروبەری و هەتا جیهانیشدا هەبێت.

کێشەی کورد، لە راستیدا کێشەی خاك و خەڵکە، کێشەی خاکە بەو مانایەی کە خاکی کورد لە چوارچێوەی رێکەوتننامەیەکی داگیرکەرانەو زۆردارانەدا (رێکەوتننامەی لۆزان) بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەشکراوە، هەروەها گەلی کورد تووشی چەندین هەڵمەتی راگواستن و دەرکردنی زۆرە ملێ بۆتەوە لەسەر خاکی بابو و باپیرانی بە مەبەستی داگیرکردنی خاکەکەی و گۆڕینی مۆرکی کوردانەی ئەو خاکانە! هەروەها کێشەی خەڵکە بەو مانایەی کە خەڵکی کوردستان زۆرلێکراو و چەوساوەو ستەمدیدەن و لە مافە رەواکانی خۆیان بێ بەشکراون.

لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا، کێشەی کورد گرنگیەکی زیاتری پەیداکردووە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمیدا بێت، یان لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیدا بێ، ئەمەش ئەوە



دەخوازێت کە گەلی کورد لە هەمو پارچەکاندا باشتر سوود وەربگرن لەو بارودۆخەی کە ئێستا بۆ کورد رەخساوە، بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقدا، چونکە هەر گەل و نەتەوەیەك ئەگەر نەتوانێ بە باشترین شێوە سوود وەربگرێت لەو فرسەت و هەلە مێژووییانەی کە بۆی هەڵدەکەوێت و بۆی دێتە پێش ئەوە رێگای سەرکەوتنی چەند بارە درێژ دەبێتەوە!!

ئەزموونی ئێستای گەلی کورد لە کوردستانی خۆماندا، ئەزموونێکی مێژوویی و بێ وێنەیە، کە لە بەرەنجامی خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و راپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری (١٩٩١)ی جەماوەری ئازاو ئازادیخوازی کوردستان هاتۆتەدی، ئەرکی هەموو لایەکە پارێزگاری لێ بکەن و لە هەوڵی بەرەو پێش بردنی دابن.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، وەکو حزبێکی سیاسی ئیسلامیی کوردستانی، شان بە شانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی تری سەر ساحەکە، شەو و رۆژی ناوەتە سەریەك بۆ خزمەتکردنی خاك و خەڵکی ئەم کوردستانە، ئەوەندەی پێی کرابێت و لە دەستی هاتبێت درێغی نەکردووە بۆ پاراستن و بەرەو پێش بردنی ئەزموونەکە، یەکگرتوو بە دیدێکی ئیسلامیانەوە بۆ شتەکان دەڕوانێت و هەر بەو شێوەش بۆ کێشەی گەلی کورد دەڕوانێت.

ئیسلام دیدوبۆچوونی روون و ئاشکرایە دەربارەی نەتەوایەتی؛ لە ئیسلامدا بوونی نەتەوەو گەل و هۆزی جیاجیا ویستێکی خواییەو، بە یەکێك لە ئایەت و نیشانەکانی گەورەیی پەروەردگار دادەنرێت، ئاشکراشە کە جیاکەرەوەی سەرەکی گەل و نەتەوەکان بریتییە لە جیاوازی رەنگ و زمانیان، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِن فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ)( الروم - ٢٢) هەروەها خوای گەورە یاسایەکی گشتی داناوە بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان ئەو گەل و هۆزو نەتەوانە کە بریتییە لە یەکترناسین و بەیەکەوە ژیان (يَاأَيهَا الناسُ إِنا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا)(الحجرات -١٣). کەواتە کاتێك ئێمە کە رەنگ و روخسارمان کوردانەیەو بە زمانی کوردی قسە دەکەین، ئەوە جەعلێکی خواییە، هەر بەو شێوەیە هەموو گەل و نەتەوەکانی تریش، کەواتە هەر کەسێك بیەوێت روخسارو رەنگ و دەنگی هەر گەل و نەتەوەیەك بگۆڕێت و بسڕێتەوە یان بیشێوێنێت، ئەوە دەیەوێت نیشانەیەك نەهێڵێت کە خوای گەورە بڕیاری بوونی داوە، ئەمەش دیارە گوناهێکی گەورەیە!! هەروەها ئیسلام بە جوانی ئەمەشی روونکردۆتەوە کە هیچ کەس و گەل و نەتەوەیەك بەرێزترو گەورەتر نیە لە یەکێکی تر تەنها بە خواپەرستی و زیاتر



پەیرەوکردنی فەرمانەکانی خوای گەورەنەبێت (**إن أكرمكم عند الله أتقاكم**) ئەمەش بۆ هەموو لایەك رون و ئاشکرایە کە گەلی کورد نزیکەی چواردە سەدەیە بە ئیسلام شادبووەو بیروباوەڕی ئیسلامەتی لە ناخ و دڵ و دەروونیدا رەگ و ریشەی داکوتاوە، وە بە درێژایی ئەو ماوەیەش بە باشترین شێوە خزمەتی ئیسلامی کردووە، (سەلاحەدین ئەیوبی و ئبن خەلەکان و دەیانی تری وەك ئەوان) نمونەی زیندووی ئەو خزمەتەن، وە تائێستاشی لەگەڵدا بێت، گەلی کورد یەکێکە لەو گەل و نەتەوانەی کە زۆر پابەندە بە ئیسلامەوەو بە پەرۆشەوە خزمەتی دەکات و بەرگری لێ دەکات. کەواتە دەتوانین ئەوە بڵێین کە مادام بوونی گەل و نەتەوەکان ویستێکی خواییەو لە لای خوای گەورە هەموو (رەنگ) و (دەنگ – زمان)ەکان وەکویەکن، ئەوە مافی هەریەك لەو گەل و نەتەوانەیە کە بە ئازادی و سەربەرزی و لەسەر ئەو زەوی و خاکەی کە خوای گەورە لەسەری خوڵقاندووەو لە چوارچێوەی کیان و قەوارەی خۆیدا بژیت و پەیوەندی بە یەکەوەژیان و هاوکاری کردنی لەگەڵ گەلانی دەوروبەریدا هەبێت و پارێزگاری لە جیاکەرەوەکانی خۆی بکات.

لە کوردستانی خۆماندا، ئەوە چەند ساڵێکە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراون و دەستبەکارن، وێڕای هەندێ ئاستەنگ و گیروگرفت، بە گەورەترین

دەستكەوتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی كوردستان و جەماوەری كوردستان دادەنرێن، بەڵام لەبەرئەوەی كوردستانی ئێمە، كوردستانی عێراقەو ماوەی دەیان ساڵە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا دەژین، وە لەبەر ئەوەی حزب و لایەنە سیاسییەكانی كوردستان داوای جیابوونەوە ناكەن لەگەڵ عێراق، ئەوە رەوشی كوردستان ئەوەی دەخواست كە شێوازو میكانیزم و چوارچێوەیەك دیاری بكرێت بۆ چۆنیەتی رێكخستنی پەیوەندی هەرێمی كوردستان بە حكومەتی ناوەندییەوە، بە شێوەیەك كە بگونجێت لەگەڵ تموحی خەڵكی كوردستان و بارودۆخە ئیقلیمی و نێو دەوڵەتیەكەو لە هەمان كاتدا یەكپارچەیی خاكی عێراقیشی تێدا پارێزراو بێت، ئەوەبوو پەرلەمانی كوردستان كە نوێنەری خەڵكی كوردستانە بڕیاریدا سیستەمی فیدراڵیەت هەڵبژێرێت بۆ چارەسەركردنی كێشەی هەرێم و چۆنیەتی رێكخستنی پەیوەندی لەگەڵ حكومەتی ناوەندیدا. ئەوەبوو جەماوەری كوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەكانیش پاڵپشتی خۆیان بۆ ئەو بڕیارە دەربڕی. یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان، هاوشان لەگەڵ حزبەكانی تر، گرنگی تایبەتی بەو بابەتە داوەو بە هەندی گرتووە، هەر لەو روانگەوە كردوویەتی بە خاڵێكی ستراتیژیەتی خولی داهاتووی **(كێشەی گەلی كورد وەك كێشەی



خاك و خەڵك سەیر دەكەین و سیستەمی فیدراڵیەت بە گونجاو دەزانین بۆ چارەسەركردنی كێشەی هەرێم و پاراستنی یەكپارچەیی عێراق)**.

فیدراڵیەت وەكو سیستەمێكی سیاسی، بۆیە سیمایەكی سەرەكی هەندێ دەوڵەت بۆ چارەسەركردنی كێشەو گیروگرفتی ئەو گەل و نەتەوانەی كە لە چوارچێوەی ئەو دەڵەتەدا دەژین بە شێوەیەك لەسەر بنچینەی فیدراڵیەت كارو ئەرك و دەسەڵاتەكان لە نێوان خۆی وەكو سوڵتەی مەركەزی و هەر یەك لەو گەل و نەتەوانە وەكو سوڵتەی مەحەلی یان هەرێمی، دابەش دەكات، دیارە ئەو دابەشكردنەش لە رێگای هەندێ دەزگاو ئۆرگانەوە دەبێت. لە كۆتاییدا جێگای خۆیەتی ئاماژەبەوەش بكەین كە سیستەمی فیدراڵیەت لە زۆر رووەوە لە نیزامی ویلایات دەچێت كە لە سەردەمی دەوڵەتی ئیسلامیدا پەیرەو دەكرا.

******************************

*********************

**************

## هاوکاری کردن لەگەڵ گشت لایەنە سیاسی ونیشتمان پەروەرەکاندا

## لە پێناو بەدیهێنانی عێراقێکی فیدراڵ و دیموکراتی و تەعەدودی

بەبێ هاوکاری کردن لە نێوان مرۆڤەکاندا، ژیان چەقبەستوو دەبێت و گۆڕانکاری و پێشکەوتن و گەشەسەندن تێیدا روونادات! چونکە خوای گەورە هەر لە بنچینەدا مرۆڤی وەکو مەخلوقێکی کۆمەڵایەتی دروست کردووەو، ناتوانێت بۆ خۆی بە تەنها بژیت و هەموو پێداویستیەکانی بەبێ هاوکاری کردنی کەسانی تر بە تەواوی دابین بکات. هەر لەو روانگەوە، ئاینە ئاسمانیەکان بە گشتی و ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە تایبەتی زۆر داکۆکییان کردووە لەسەر هاوکاریکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەڵام دیارە هاوکاریکردن لە بواری چاکسازی و چاکەخوازیداو، بۆ بەرژەوەندی و خێرو خۆشی مرۆڤایەتی، هەروەکو قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى)، نەك هاوکاریکردن لە بورای گوناهکاری و شەڕخوازیدا (وَلاَ تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ).



ئەمە یاسای ئیسلامە دەربارەی هاوکاری کردن لە نێوان مرۆڤەکاندا بە شێوەیەکی گشتی.

لە لایەکی ترەوە، خوای گەورە چەندین نەتەوەو گەلی جیاجیای دروست کردووەو هەریەکەیان جیاکەرەوەی تایبەتی خۆی هەیەو لەسەر پارچە زەویەکی دیاریکراو و لە ژینگەیەکی تایبەتیدا دەژیت و خاوەنی هەندێ توانا و لێهاتوویيە، هەموو ئەمانە جارێکی تر پێویست بوونی (هاوکاریکردن) لە نێوان ئەو گەل و نەتەوانەدا تەئکید دەکاتەوە، ئەویش بە مەبەستی تەواوکاری و یارمەتیدانی یەکتری، بەڵکو مرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتی لە بیرکردنەوەو بیروبۆچوون و تێڕوانینیاندا چوونیەك نین، ئەمەش ئەوە پێویست دەکات کە لە خاڵە هاوبەشەکاندا هاوکاری یەکتر بکەن و بەدەم یەکەوە بن.

یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان، وەکو حزبێکی سیاسی سەرگۆڕەپانی کوردستان، کە بە دیدێکی ئیسلامیانەوە بۆ شتەکان دەڕوانێت، بەم شێوەیەش بۆ بابەتی (هاوکاریکردن)دەڕوانێت و وەکو مەبدەئێکی قورئانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، لەسەر ئەو بنچینەیە هەموو کات ئامادەیی هاوکاریکردنی لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسیەکاندا، بە تایبەتی لە خاڵە هاوبەشەکاندا هەبووەو هەیە، جا چ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بێت یان

لەسەر ئاستی عێراقدا، ئەویش بە مەبەستی خزمەتکردنی کوردستان بە تایبەتی و بارودۆخی عێراق بە گشتی.

هەر لەو روانگەوە، یەکگرتوو ئەم بابەتەی بەهەند گرتووەو کردوویەتی بە خاڵێکی ستراتیژیەتی خولی داهاتووی ( **هاوکاری کردن لەگەڵ گشت لایەنە سیاسی و نیشتمان پەروەرەکاندا لە پێناو بەدیهێنانی عیراقێکی فیدراڵ و دیموکراتی و تەعەددودی** ).

گرفتی عێراق و، زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە پلەی یەکەم بریتییە لە دەسەڵاتی تاکڕەوی و تاك حزبی، بە شێوەیەك کە ئازادییە گشتییەکان و فرە لایەنی و دیموکراتیەت یان هەر نیە! یان ئەگەر بە شێوەیەکی جوزئی و کەمیش هەبێت ئەوە شکلی و رووکەشەو بە جۆرێکی چەواشەکارانە مومارەسە دەکرێت و رێگای پێ دەدرێت! ! بەڵکو زۆر جار بۆ جوانکردن و بریقانەوەی وێنەی دەسەڵاتدارە! ! لێرەوە گیروگرفت و زوڵم و ستەم و زۆرداریەکان دەست پێ دەکەن.

راستە ئەو حاڵەتە راستەوخۆ دەسەڵاتداران و حوکمڕانانی ئەو وڵاتانە لێی بەرپرسیارن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە گەلانی ئەم وڵاتانەش بەشێك لە بەرپرسیاریەتیان دەربارەی ئەو حاڵەتە سلبییە ناکەوێتە سەرشان، چونکە هەندێ جار گەل و جەماوەر زەمینەی



تاکڕەوی بۆ دەسەڵاتداران و حوکمڕانانیان ئامادە دەکەن! ئەویش بەوەی لە باش و خراپدا (بەڵێ)یان بۆ دەکەن و هەموو جۆرە مامەڵەیەکیان بۆ دەشەرعێنن! !

ساڵەهای ساڵە گەلانی عێراق باجی نەبوونی فرەلایەنی و تەعەددودیەت و ژیانی دیموکراسیانە دەدەن، بە جۆرێك کە ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراق، کە لای هیچ کەس شاراوە نیە، هەر لەبەرەنجامی نەبوونی تەعەددودیەت و ئازادی کارکردن و رادەربڕین و دیموکراسیەتە، وە بۆ دەرچوون و رزگاربوون لەو حاڵەتە سلبیەی کە گەلانی عێراق تێی کەوتوون، پێویستە هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و نیشتمانپەروەرەکان، لەسەر ئاستی کوردستان بێت یان لەسەر ئاستی عێراق، هاوکاری یەکتر بکەن و هەوڵ و کۆششەکانیان زیاتر رێك بخەن و ناکۆکییە لاوەکییەکانیان بخەنە لاوە، لەسەر خاڵە هاوبەش و سەرەکییەکان هاودەنگ و هاوهەڵوێست بن، ئەمیش لە پێناوی بەدیهێنانی عێراقێکی فیدراڵ و دیموکراتی و تەعەددودی، بەمەش سەرجەم گەلانی عێراق رزگاریان دەبێت لەو مەرگەسات و کارەساتانەی کە چەندین ساڵە بەدەستیەوە دەناڵێنن.

- ١٣ -

## داكۆكیكردن لە مافە ڕەواكانی نەتەوەكانی تری هەرێمی كوردستانی عێراق

بە سەرنجێكی خێرای كۆمەڵگەی ئیسلامی، هەر لە سەردەمی دەوڵەتی (مەدینە)وە بە سەرۆكایەتی پێغەمبەری خوا ﷺ هەتا ئەو كاتەی ئیسلام فەرمانڕەوایەتی كۆمەڵگەكانی دەكرد، ئەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی كە كۆمەڵگەی ئیسلامی بە شێوەیەكی گشتی كۆمەڵگەیەكی كراوە بووە، پەیوەندییەكان تێیدا لەسەر بنچینەی بەیەكەوە ژیان و هاوكاری كردن و داكۆكی كردن لە مافە ڕەواكانی یەكتر بووە، تەنانەت جیاوازی بیروبۆچوونی ئاینیش نەبۆتە ڕێگر لە بەردەم ئەو بەیەكەوە ژیان و داكۆكی كردن لە یەكترە. لە لایەكی ترەوە هەر بە هۆی كراوەیی كۆمەڵگەی ئیسلامییەوە بووە كە ئاڵوگۆڕی زانست و زانیاری و فیكرو ڕۆشنبیری لە نێوان كۆمەڵگە ئیسلامیەكان و كۆمەڵگاكانی تر ڕوویداوەو هەردوولا سوودیان لە یەكتر وەرگرتووە.

لە كۆمەڵگەی ئیسلامیدا پەیوەندی نێوان موسڵمانان و نەتەوەكانی تری ناو كۆمەڵگە، هەتا ئەوانەش كە موسڵمان نین و خاوەن ئاینێكی ترن وەك ئەهلی كیتاب (جولەكەو



مەسیحی) بەیەكەوە ژیان و هاوكاریكردنە، بە جۆرێك هەر ئەرك و مافێك ڕووبكاتە تاكێكی موسڵمان ئەوا ڕوودەكاتە تاكی نەتەوەكانی تریش، دیارە ئەمەش لە كاروبارە گشتییەكاندا، ئەویش بە گوێرەی یاسای (**لهم مالنا، وعليهم ماعلينا**) لەو ڕوانگەوە، لە كۆمەڵگەی ئیسلامییدا هەموو هاووڵاتیان یەكسانن لەوەی كە بەشدرای بكەن لە كاروبارە گشتییەكانداو خزمەتی گەل و وڵاتیان بكەن، هەروەها پێویستە لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی هەروەكو چۆن پارێزگاری و داكۆكی دەكات لە مافە ڕەواكانی هەر تاكێكی موسڵمان، هەر بەو شێوەیەش پارێزگاری و داكۆكی بكات لە مافە ڕەواكانی تاكی نەتەوەكانی تریش.

یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان، وەكو حزبێكی سیاسی سەر گۆڕپانەكە، كە بە دیدگایەكی ئیسلامیانەوە بۆ ژیان دەڕوانێت، بەم شێوەیە بۆ بوونی چەند نەتەوەیەكی جیاجیا لە هەر كۆمەڵگەیەكدا دەڕوانێت. بە خوێندنەوەی واقیعی پێكهاتەی كۆمەڵگەی كوردستان، كە كۆمەڵگەیەكی فرە نەتەوەیە لە ڕووی زمان و ئاینەوە، ئەم بابەتەی بەهەند گرتووەو كردوویەتی بە خاڵێكی ستراتیژیەتی خولی داهاتووی (**داكۆكی كردن لە مافە ڕەواكانی نەتەوەكانی تری هەریمی كوردستانی عێراق**).

یەکگرتوو بە هەموو هەوڵ و توانایەوە خەریکەو دەیەوێت خزمەتی خاك و خەڵکی ئەم کوردستانە بکات و بەشداری جددی هەبێت لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی کوردستانی ئاسوودەو سەرکەوتوو، بە شێوەیەك کە هەر تاکێکی ئەم کوردستانە، بەچاوپۆشی لە جۆری نەتەوەو ئاینی، بە مافە رەواکانی خۆی بگات و بە ئاشتی و برایەتی بژی و، لە هەمان کاتدا بواریشی بۆ برەخسێ بۆ ئەوەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێت بەرامبەر بە ئەزموونە مێژووییەکەی گەلەکەمان؛ کە بەرهەمی هەوڵ و خەباتی دەیان ساڵی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و راپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری ساڵی(١٩٩١)ە.

راستە کورد دەوری سەرەکی بینیوە لەو بزوتنەوەیەداو پشکی گەورەی قوربانیەکان بەر ئەو کەوتووە، بەڵام لە هەمانکاتدا نەتەوەکانی تری کوردستانیش، هەریەکە بە رێژەیەك، بەشدارییان هەبووە لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و قوربانییان لە پێناودا داوە، لە لایەکی ترەوە وەکو چۆن دەستی زوڵم و ستەم و چەوسانەوەی رژێمەکان کوردی گرتۆتەوە، بەهەمان شێوە نەتەوەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتۆتەوە، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر هەموو گەلی کوردستان، بە گشت نەتەوەکانیەوە، ئەم ئەزموونەی کوردستان بە هی خۆیان بزانن و بە هەموو توانایانەوە پاڵپشتی و پارێزگاری لێ بکەن.



- ١٤ -

## رێزگرتن و داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ

لە دیدگای ئیسلامەوە، بە راشکاوی دەتوانین ئەوە بڵێین کە مرۆڤ بەرێزترین مەخلوقی خوای گەورەیە (**وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً**) الاسراء/٧٠، هەروەها سەروەری بوونەوەرو جێنشین و خەلیفەی پەروەردگارە لەسەر زەوی (**وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً**) البقرة/٣٠، وە هەر چی لە ژیان و زەوی و ئاسمانەکاندا هەیە هەمووی لە پێناو خزمەتکردنی ئەودا رامکراوە (**أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً...**) لقمان/٢٠، بە کورتی ئاینە ئاسمانیەکان، بە تایبەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ رێکخستن و دابین کردنی بەرژەوەندی و مافەکانی مرۆڤ هاتوون.

ئەمە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە: (مافەکانی مرۆڤ پێویستیەکانی زگماکی مرۆڤن، ئیسلامیش ئاینی فیترەت و زگماکە (**فطرت الله التي فطر الناس عليها**) الروم/٣٠، لەبەر ئەوە شتێکی سروشتی و بەدیهییە کە ئیسلام مافەکانی مرۆڤ

دابین بکات، بەڵکو لە ئیسلامدا باوەربوون بە مافەکانی مرۆڤ و بەرێز و پیرۆز سەیر کردنیان لە ئاستی مافەکان تێپەریوە و گەیشتۆتە ئاستی زەروورات(١)، لەبەر ئەوە (زۆربەی بیریارە ئیسلامیەکانی ئەم سەردەمە پێیان وایە کە مەبادیئەکانی مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا بە شێوەیەك رەسەن و ریشەدارن کە لە هیچ فیکرە و بەرنامەو مەزهەبێکی تردا بەو شێوەیە نییە، ئەویش لەبەر ئەوەیە ئیسلام ئەو مافانەی بە تەکالیف و عیباداتی شرعی داناوە، نەك تەنها بەرژەوەندی، هەروەکو رۆژئاوا)(٢) هەر لەبەرئەوەشە دەبینین پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و پتەو هەیە لە نێوان فیقهی ئیسلامی و مافەکانی مرۆڤدا، شەریعەتی ئیسلامی گرنگیداوە بە باسکردن و چارەسەرکردنی هەر مافێك لە شوێنی تایبەتی خۆی و لەو بابە فیقهیەی کە پەیوەستە پێوەی ، هەتا شێوەیەکی کرداری وەربگرێ لە ناو شەریعەتدا و، جێبەجێ بکرێت لە ژیانی خەڵکدا، هەر لەو بارەوە (فیلفرد مراد هوفمان)لە کتێبەکەی (الاسلام هو البدیل)دا دەڵێ: (بە هەڵەدا دەچین ئەگەر بڵێین کەمو کوری هەیە لە فیقهی ئیسلامیدا دەربارەی پاراستنی یاسایی تاك) (٣).

بەم شێوەیە دەبینین کە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی بە تانوپۆی شەریعەتی ئیسلامیدا رۆچوون و، هەر کاتێك



ئەو شەریعەتە لە ناو خەڵکدا پیادە کرابێت ، ئەوە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ ئەو پەری داکۆکیان لێکراوەو مومارەسەکراون، سەردەمی ئیسلامی کە شەریعەتی خوا فەرمانڕەوا بووە «بەگەشدارترین و دادپەروەرانەترین سەردەم دادەنرێت لە مێژوودا، کە تێیدا مافەکانی تاك و ئازادییەکانی ئەوپەری داکۆکیان لێکراوەو، تاکەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەك مومارەسەی مافەکان و ئازادییەکانیان کردووە کە جیهان شتی وای بە خۆوە نەبینیوە، مەگەر پاش سەدان ساڵ دوای ئەو سەردەمە، سەردەمی ئیسلام پێش چواردە سەدە، نیزامێکی تەواو و، وردو، دادپەروەرانەی وای بۆ پاراستنی مافەکانی تاك و ئازادییە بنچینەییەکانی بەخۆوە بینیوە کە هیچ سەردەمێکی پێش خۆی و هەتا دوای خۆشی، بەخۆوەی نەبینیوە»[٤]

جاری جیهانی مافەکانی مرۆڤ، کە پێش نیوسەدە لە (١٠/١٢/١٩٤٨) لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە راگەیەنراوە، بە گرنگترین پێڕەوی نێودەوڵەتی دادەنرێت بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە بەبێ ئەو مافانە مەحاڵە مرۆڤ بتوانێت بە ئازادی و دڵنیایی و ئاشتی و ئیستقرار بژیت، لەو جارنامەیەدا زۆربەی هەرە زۆری مافەکانی مرۆڤ باسیان لێکراوە، کە گرنگترینیان مافی ئازادییە، هەر لە ئازادی باوەرهێنانەوە بیگرە هەتا دەگاتە ئازادییە کۆمەڵایەتی و

سیاسییەکان، بە هەمان شێوە باسی مافە سیاسی و فکریەکان و، مافە ئابوری‌و کۆمەڵایەتیەکان و، مافە قەزائی و یاساییەکان و، مافی کارکردن و چاودێری تەندروستی و پێکهێنانی خێزان و مافی پەروەردەو فێرکردن و.. هتد، تێدا کراوە، ئەو جارنامەیە بە پێشکەوتنێکی گەورەی مێژوویی دادەنرێت لە بواری دابینکردن و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، بەڵام ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین کە خوای گەورە پێش هەزار و چوار سەد ساڵ لەو جارنامەیە، بۆ مرۆڤایەتی ناردووە، دەبینین جوانتر و بە هێزتر باسی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کردووە کە لە جارنامەکەدا هاتوون، بەڵکو قورئان باسی هەندێ مافی کردووە کە لە جارنامەکەدا باسیان لێوە نەکراوە، لەو مافانە [٥]:

**١-مافی ئەقڵ لاوازەکان:** قورئانی پیرۆز گرنگی تایبەتی داوە بەو کەسانەی کە لە رووی عەقڵ و بیروهۆشیانەوە لاوازو داوکەوتوون، قورئان هانی خەڵك دەدات کە بە جوانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و گاڵتەیان پێنەکەن و، گرنگی بە خواردن و پۆشاکیان بدەن(**وَلا تُؤْتُوا السُّفَهَاءَ أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ قِيَامًا وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا وَاكْسُوهُمْ وَقُولُوا لَهُمْ قَوْلاً مَعْرُوفًا**)النساء /٥.



**٢-مافەکانی هەتیوان (مناڵی بێ باوك یان بێ دایك):**

هەر چەندە جاری جیهانی مافەکانی مرۆڤ گرنگی باشی داوە بەمافەکانی مناڵ بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام باسی مافەکانی مناڵی بێ باوك و بێ دایك (ئەیتام)ی بە تایبەتی نەکردووە، بەڵام قورئانی پیرۆز زۆر بە جوانی باسی مافی ئەو جۆرە مناڵانەی کردووە، کە لە هەموو مناڵێکی تر زیاتر پێویستیان بە چاودێری و یارمەتی دان هەیە، قورئان لە چەندین ئایەتدا باسی گرنگی پێدانیان و چاودێری کردنیان و پاراستنی مافەکانیان دەکات (**وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَى قُلْ إِصْلَاحٌ لَهُمْ خَيْرٌ وَإِنْ تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ الْمُصْلِحِ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَأَعْنَتَكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ**) البقرة/٢٢٠،(**وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ**) الانعام/١٥٢ ، (**وَأَنْ تَقُومُوا لِلْيَتَامَى بِالْقِسْطِ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِهِ عَلِيمًا**) النساء /١٢٧.

**٣-مافی بەرگری کردن لەخۆ:** قورئان گرنگی زۆری داوە بە مافی بەرگری کردن لەخۆ، لە کاتێکدا کە توشی خەتەرو ترس ببێت (**وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَابِيلَ تَقِيكُمُ الْحَرَّ وَسَرَابِيلَ تَقِيكُمْ بَأْسَكُمْ**) النحل/٨١، (**وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ**) الانفال/٦٠.

**٤-مافی لێبوردن:** لەو مافانەی کە قورئان گرنگی باشی پێداوە مافی لێبوردن و چاوپۆشینە لە هەڵەو تاوانەکان، ئەویش بە مەبەستی چاکسازی و دوورکەوتنەوەی کەسەکان لە دووبارەکردنەوەیان و، وەکو ڕێگایەکیش بۆ بنبڕکردنی هەڵەو تاوان لە ناو کۆمەڵگاداو، بڵاوکردنەوەی گیانی لێبوردن و چاوپۆشی لە ناو گەل و جەماوەردا (**خُذْ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنْ الْجَاهِلِينَ**) الاعراف/ ١٩٩، (...**فَاصْفَحْ الصفْحَ الْجَمِيلَ**) الحجر/٨٥، (**وَلاَ تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلاَ السيِّئَةُ ادْفَعْ بِالتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنهُ وَلِي حَمِيمٌ**) فصلت /٣٤، (...**وَإِنْ تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا فَإِن اللهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ**) التغابن /١٤.

**٥-مافی میراتگری:** ئەو مافەش قورئان دایناوە بۆ کورو کچ و خزمان کە میراتگری ماڵ و سامانی باوك و دایك و کەس و کاریان بکەن پاش مردنیان (**وَلِكُل جَعَلْنَا مَوَالِيَ مِما تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَالذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَانُكُمْ فَآتُوهُمْ نَصِيبَهُمْ إِن اللهَ كَانَ عَلَى كُل شَيْءٍ شَهِيدًا**) النساء /٢٣.

بەو شێوەیە دەبینین بەر لە چواردەسەدە ئیسلام چەندە گرنگیداوە بە مافەکانی مرۆڤ، هەر بۆیە لەو سەردەمانەدا کە ئیسلام فەرمانڕەوا بووە، ڕێزی تەواو لە ماف و



ئازادییەکانی مرۆڤ گیراوەو تاکەکانی کۆمەڵگا بەوپەڕی ڕێپێدانەوە مومارەسەیان کردوون.

ئێستا لە دنیادا، ئەو کۆمەڵگانەی کە مافەکانی مرۆڤ تێیدا ڕێزلێگیراوەو پەیڕەو دەکرێت، کۆمەڵگەی سەرکەوتوو و پێشکەوتوون، چونکە بنچینەی هەر سەرکەوتن و پێشکەوتنێك خودی مرۆڤ خۆیەتی، جا هەر کاتێك مافەکانی بۆ دابینکراو بە ئاسودەیی و ئارامی ژیا، ئەو کات دەتوانێ خزمەتی خۆی و کۆمەڵگا بکات.

لە کوردستانی خۆماندا، دوای ئەوەی گەلی کوردستان، بە تایبەتی تاکی کورد، ماوەی دەیان ساڵە لە ژێر حوکمی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکاندا چەوسێنراوەتەوەو مافەکانی پێشێلکراوە، ئێستا دوای ئەوەی -سوپاس بۆخوا- ڕزگارمان بووەو بووینە خاوەن پەرلەمان و حکومەتی خۆمان، لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بەوە هەیە کە گرنگی بە مافەکانی مرۆڤ بدەین و لە هەوڵی دابینکردنیاندا بین بۆ گەلەکەمان، ئەمەش کارێکی پیرۆزەو ئەرکی هەموو لایەکە، هەر لە حزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەکان و ناوەندە فیکری و ڕۆشنبیریەکان، هەتا دەگاتە دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن، کە دەکرێ لەو بوارەدا دەوری کاریگەر ببینن.

یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان، وەکو حزبێکی سیاسی مەدەنی کە بە دیدگایەکی ئیسلامیانەوە بۆ مرۆڤ و ماف و ئازادییەکانی دەڕوانیّ، بە تەواوی هەستی بە گرنگی و کاریگەری ئەو بابەتە کردووە بۆ ئێستاو داهاتووی کوردستان، هەر بۆیە گرنگی تایبەتی پێداوەو، کردوویەتی بە خاڵێکی ستراتیژیەتی خولی داهاتووی (**ڕێزگرتن و داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ**).

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بێجگە لەوەی کە خاڵێکی تایبەتی ستراتیژیەکانی بۆ مافەکانی مرۆڤ تەرخان کردووە، هەموو ئەو چەمکانەی کە پێویستن بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەك کە مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی تێدا بەرقەرار بێت، کردوونی بە بنچینەی خاڵەکانی تری ستراتیژیەت و ئامانجە گشتییەکانی، هەر لە (میانەڕەوی یەکگرتوو لە فیکرو مومارەسەداو، هەڵبژاردنی شێوەکاری سیاسی مەدەنیانەو خۆدوورگرتن لە توندوتیژی و، پشت بەستن بە حیوارو گفتوگۆ بۆ لەیەکگەیشتن و چارەسەری کێشەکان و، باوەڕبوون بەهاوکاریکردن و پێکەوە ژیان و فرەلایەنی و، ڕێزگرتنی یاساو نیزام و هەڵبژاردنی ئازاد، هەتا دەگاتە داکۆکی کردن لە مافە ڕەواکانی نەتەوەکانی تر هەرێمی کوردستان).

بە سەرنجێکی خێرای ئەو چەمکانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەریەکەیان چەندە پێویست و زەرورن بۆ



پێکهێنانی کۆمەڵگەیەك کە مافەکانی مرۆڤی تێدا پەیڕەو بکرێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە یەکگرتوو چەندە لە خەمی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤدایەو، چەندەش مەبەستیەتی کە کۆمەڵگەی کوردستانی خۆمان ڕێزی مافی مرۆڤی تێدا بگیرێت.

لە لایەکی ترەوە، یەکگرتوو هەر لە سەرەتاوە هەوڵی لەو بوارەدا خستۆتەگەر، ئەویش بە هۆی پەروەردەکردنی ئەندام و لایەنگرو دۆستانی بە پەروەردەیەکی ئیسلامیانە، کە ئەوپەری ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤی لێ بەرهەم دێت، هەروەکو لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ داو، روونمان کردەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، یەکگرتوو هەوڵی ئەوەشی داوە ئەو گرنگی پێدانەی بە مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی دەزگاکانی خۆیدا ڕەنگ پێبداتەوەو لەسەر زەوی واقیع بەرجەستەی بکات، هەر بۆیە مەکتەبێکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە داناوەو، لە سەرجەم مەڵبەندەکانیشدا نوێنەری هەیە.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

(١)بۆ زیاتر، بڕوانە: د. محمد عمارة، الاسلام وحقوق الانسان.. ضرورات لا حقوق.

(٢) شێخ راشد الغنوشی، مقاربات فی العلمانیه والمجتمع المدنی، ل٤٤.

(٣)بۆ زیاتر، بڕوانە: الفكر الاسلامی، قراءات و مراجعات، زكی المیلاد.

(٤)بۆ زیاتر بڕوانە: د. احمد حافظ نجم/ حقوق الانسان بین القران والاعلان، دار الفكر العربي، ل١٠٣-١٤١.

**- ١٥ -**

## بەدەستهێنانی پشتیوانی لایەن و ڕێکخراوە ئیسلامیەکان و ڕای گشتی گەلانی موسڵمان بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان

گەلی کورد، کە خاوەنی هەموو خاسیەتەکانی نەتەوەیی خۆیەتی، بە یەکێك لە گەلە ڕەسەن و گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، بەڵکو پێشبینی ئەوە دەکرێت لە ماوەی چارەکە سەدەی داهاتوودا، کورد ببێتە دووەمین گەورە نەتەوەی ئەم ناوچەیە، هەروەها بە گەورەترین نەتەوەی سەر ئەم زەویە دادەنرێت کە تائێستا نەبۆتە خاوەنی دەوڵەت و بێبەشکراوە لە مافە سیاسییەکانی.

لە لایەکی ترەوە، کورد بە یەکێك لەو نەتەوانە دادەنرێت کە هەر لە سەرتاوە (ساڵی ١٨ کۆچی) ئاشنای بیرو باوەڕی ئیسلام بووەو، لەوکاتەوە ئیسلام بۆتە ناسنامەی عەقائیدی کورد، هەروەها کورد ڕۆڵی کاریگەرو ئیجابیانەی لە مێژووی ئیسلامیدا بینیوەو، خزمەتی گەورەی پێشکەش بە موسڵمانان کردووە،(سەلاحەدینی ئەیوبی و ئیبن خەلەکان و ... هتد) نمونەی درەوشاوەن لەسەر ئەو ڕاستییە، ئێستاش کورد لە پێشەوەی ئەو گەل و نەتەوانەدایە کە



پابەندن بە ئیسلام و، ئیسلامەتی لە ناخ و دڵ و دروونیدا ڕەگی داکوتاوە.

گەلی کورد، خاوەنی کێشەیەکی ڕەوایە، سەرەتای کێشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی خاکەکەی بەسەر چەند وڵاتێکدا، ئەویش لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەی (سایکس بیکۆ) لە (١٩١٦)، ئەمەش بە گەورەترین زوڵم و ستەمی مێژوویی دادەنرێت کە لەو گەلە ئازاو فیداکارو بڕوادارەکراوە، ئیتر لەو ڕۆژەوە زوڵم و ستەمی سەرکورد دەستی پێکردووە، ڕژێمەکانی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، بە هەموو شێوازێکی درێو و نامرۆڤانە هەوڵیان داوە ناسنامەی نەتەوەیی کورد بسڕنەوەو، سەرەنجام کورد لەناو بۆتەی گەلانی سەردەستەدا بتوێتەوە ! ! ئەمەش بێجگە لەوەی کە تاوانێکی گەورەیە، ڕاستەوخۆ دژ دەوەستێت لەگەڵ ویست و ئیرادەی خوای گەورە کە گەل و نەتەوە جیاجیاکانی دروست کردووەو، هەریەکە ڕەنگ و زمانی جیاوازیشی پێ بەخشیون و، ئەمەشی کردۆتە بەڵگەو ئایەتی گەورەیی خۆی ﴿يَاأَيهَا الناسُ إِنا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِن أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللهِ أَتقَاكُمْ إِن اللهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴾ (الحجرات/١٣).. ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافُ

أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ) (الروم/٢٢).

کەواتە سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی هەر گەلێك و بێبەشکردنی لە مافە ڕەواکانی بە تاوانێکی گەورە دادەنرێت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە.

لەگەڵ هەموو ئەم ڕاستیانەدا، زۆربەی جار کێشەی کورد، بە شێوەیەکی شێواو و هەڵگەڕاوەو چەواشەکارانە خراوەتە بەرچاوی ڕای گشتی گەلان، بە تایبەتی گەلانی موسڵمان! ! ئەویش بۆ ئەوەی گەلی کورد بێبەش بکەن لە هاوسۆزی و پاڵپشتی گەلانی موسڵمان و ڕێکخراوە ئیسلامیەکان، بەڵکو هەندێ جار دوژمن و ناحەزانی کورد، بە ناوی ئیسلامەوە زوڵم و ستەمیان لە کورد کردووەو کردارە دزێو و درندانەکانیان بە ناوی پیرۆزی ئاینەوە پەردەپۆش کردووە! !(بەناو ئەنفالەکان) نمونەی ئەم بابەتەن. ئەم حاڵەتەش ناسۆری و دەردەسەریەکانی کوردی چەندبارە کردۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ڕووی ڕاستی کێشەی ڕەوای کورد بخەنە بەرچاوی ڕای گشتی گەلان.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، وەکو حزبێکی سیاسی کوردستانی، کە لە دیدگای ئیسلامەوە بۆ ژیان و بوونەوەر دەڕوانێت، پێیوایە کێشەی کورد، کێشەیەکی ڕەوایەو، کێشەی گەلێکی زوڵم لێکراو و خاك دابەشکراوە،



گەلێك کە لە مافە مرۆیی و سیاسییەکانی بێبەشکراوەو ئازادییەکانی پێشێلکراوە، لەبەرئەوە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، وەکو حزبێکی کاریگەری سەر گۆڕەپانەکە، خزمەتکردنی کوردو کێشە ڕەواکەی بە ئەرکی ئاینی و نیشتمانی خۆی دەزانێت، وە لەو بوارەدا هەرچی پێکرا بێت درێغی نەکردووەو ناشیکات.

یەکێك لەو بوارانەی کە یەکگرتوو بە بەردەوامی هەوڵیداوە بەهۆیەوە خزمەتی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان بکات، بواری بەدەستهێنانی هاوسۆزی و پشتگیری گەلانی موسڵمانە بۆ کوردو کێشەڕەواکەی، ئەمەشی کردۆتە خاڵێکی ستراتیژیەتی خۆی ( **هەوڵدانی بەردەوام و ڕای گشتی گەلانی موسڵمان بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان** ).

یەکگرتوو، لە هەموو ئەو کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارو کۆنگرە ئیسلامیانەی کە بەشداری تێداکردوون، وە لە هەموو ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ کەسایەتیە ئیسلامیەکاندا ئەنجامی داوە، زۆر بە گەرمی و بە جددی هەوڵیداوە ڕووی ڕاستی و درەوشاوەی کێشەی کوردیان بۆ ڕۆشن و ڕوون بکاتەوەو، بە ڕاشکاوانە داوای پشتیوانی لایەن و ڕێکخراوە ئیسلامیەکان و ڕای گشتی گەلانی موسڵمانی کردووە بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان. چونکە هەروەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد، تا ئەم چەند

ساڵەی دواییش، گەلانی موسڵمان بەهۆی ڕاگەیاندنی چەواشەکارانەوە، وەکو پێویست ئاگاداری ڕووی ڕاستی کێشەکەمان نەبوون؛ بەڵام ئێستا -سوپاس بۆ خوا- بارودۆخەکە گۆڕاوە، وا ئەمڕۆ لە کوردستانی ئازاددا، چەندین ڕێکخراوی ئیسلامیی دەبینین کەوا خەریکی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانن و چییان پێکرا بێ لە خزمەتکردنی کوردستان و خەڵکەکەی دریغیان نەکردووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێستاش زۆر شت ماوە کە گەلانی موسڵمان دەتوانن بۆ گەلی کوردی موسڵمان ئەنجامی بدەن و پشتیوانی کێشە ڕەواکەی بکەن و یارمەتی بدەن بۆ چارەسەرکردنی و دابینکردنی مافە ڕەواکانی، پشت بەخوا، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بۆ زیاتر پەیداکردنی هاوسۆزی و پشتگیری و پشتیوانی ڕای گشتی گەلانی موسڵمان و ڕێکخراوە ئیسلامیەکان دریغی ناکات و لەو بوارەدا هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ.

********************************

*******************

***********



# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| - پێشەکی | ٣ |
| -میانەڕەوی لە فیکرو مومارەسەد ا ........ | ٦ |
| -پابەندبوون بە ڕێنماییەکان و بەها باڵاکانی ئیسلام.. | ٨ |
| -بەردەوام بوون لەسەر کاری سیاسی مەدەنی........ | ١١ |
| -پشت بەستن بە حیوار بۆ لەیەك گەیشتن و یەکلاکردنەوەی کێشکا ن ........................ | ١٤ |
| -پاراستنی بێ لایەنی و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی حیزبما ن ....... | ١٨ |
| -ڕێزگرتن لە تەعەدودیەت وەك دیاردەیەکی ئینسانی و شارستاذ ی ........................................ | ٢١ |
| -پەرەپێدانی مەبدەئی هاوکاری و بەیەکەوە بوون لەگەڵ لایەنە ئیسلامیەکانی ساحەکەد ا ...... | ٢٧ |
| -پێکەوە ژیان و تەبایی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستا ن ........................................ | ٢٩ |
| -هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی یاساو نیزام و دوورکەوتنەوە لە پاشا گەردانی لە وڵاتد ا ........................ | ٣٤ |
| -هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایی کردنەوەی باری سیاسی هەرێ م ........................ | ٣٨ |
| -کێشەی گەلی کورد وەك کێشەی خاك و خەڵك سەیر دەکەین. | ٤٢ |
| -هاوکاری کردن لەگەڵ گشت لایەنە سیاسی و نیشتمان پەروەرەکاندا لە پێناو بەدیهێنانی عێراقێکی فیدراڵ و دیموکراتی و تەعەدودی ........................ | ٥٠ |
| -داکۆکی کردن لە مافە ڕەواکانی نەتەوەکانی تری هەرێمی کوردستانی عێراق ........................ | ٥٤ |
| -ڕێزگرتن و داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ | ٥٧ |
| -بەدەستهێنانی پشتیوانی لایەن و ڕێکخراوە ئیسلامیەکان و ڕای گشتی گەلانی موسڵمان بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان. | ٦٦ |

خوێنەری بەرێز:
ئەگـەر دەتـەوێت تـێڕوانین و هەڵوێسـتی( یـەکگرتووی ئیسـلامیی کوردستان ) بزانی دەربارەی:

* میانەرەوی لە فیکرو مومارەسەدا.
* پابەندبوون بە بەها باڵاکانی ئیسلام.
* کاری سیاسی مەدەنیانە .
* حیوارو گوفتوگۆ.
* سەربەخۆی بڕیاری سیاسی.
* تەعەددودیەت و فرەلایەنی .
* هاوکاری لەگەڵ لایەنە ئیسلامی‌یەکانی کوردستان.
* تەبایی و بەیەکەوە ژیان و هاوکاری لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی تری کوردستان.
* سەروەریی یاساو نیزام لە وڵاتدا.
* ئاشتی و ئاسایی کردنەوەی باری سیاسی هەرێم.
* ئاشتی‌و ئاسایی کردنەوەی باری هەرێم.
* کێشەی کورد.
* فیدراڵیەت ودیموکراتیەت بۆ عێراق.
* مافە رەواکانی نەتەوەکانی تری کوردستان.
* رێزگرتن و داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ.
* پشتیوانی رێکخراوە ئیسلامی‌یەکان و گەلانی موسڵمان بۆ کێشەی رەوای گەلەکەمان.

ئەوە ئەو نامیلکەیەی بەردەستت بخوێنەوە